دوو هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
دەریدەکات

# دواڕۆژ

ژمارە (٩٤) ساڵی هەشتەم
٢٠٢٠/٠٨/١٦ - ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی
نرخ: ٥٠٠ دینار
dwaroj@komala.com

## ٤١مین ساڵی فتوای جیهاد و لەشکەرکێشی بۆ کوردستان

# گەلی کورد لە بەرزترین لوتکەی خۆڕاگری و خەبات بۆگەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس

## سەروتار

### پێکهاتەی نەگۆڕ ، دەچێتە گۆڕ!

**بێهنام فەتحی**

ئەم هاوینەش خەریکە تێپەڕ دەبێت. کوردستان کە پێشتر لە بازنەی گۆڕانکارییە فەرمیەکانی ناوچەکە دوورخرابووەوە، ئێستا لە ناوەندی سەرنج و ڕوانینەکاندایە. ڕوانین بۆ ململانێی نێوان دواکەوتوویی و پێشکەوتن. ڕۆژهەڵاتی ناوین کە لە ڕاستیدا ناوەندێکی تەریکخراوەی گۆی زەوییە، وەک نەریتێک؛ وەکوو سەرزەمینێکی نەفرەت لێکراو، ناجێگیرو نائارام ماوەتەوە.

ڕەوتی مێژوویی ناسیۆنالیسم و بەپێکهاتەبوونی ئایدیولۆژیای نەتەوەی باڵادەست لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و پاشان زاڵبوونەوەی ئیسلامی سیاسی، وەک لاقاوێک هەڵیانکوتایە سەر ئەم ناوچەیە.

لەو کاتەوە هەتا ئێستا، کوردستان بووەتە دوورگەیەکی سەر ڕێگای تەوژمی داگیرکاری و لەتوپەتکردن و ئەم لاقاوەی لە ناوەڕاستەوە دادڕیوە.

لایەک لەم تەوژمە دژە ئینسانیە، کوردستانی داگیرکراو لە لایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێرانی گرتەوە. گشت وەرزەکانی ساڵ وەبیرهێنەرەوەی، بەربەرەکانێ و بەرەنگارییەکی پڕئازارو خوێناوی خەڵکی کورد بەرانبەر بە دەسەڵاتە نادێمۆکراتیک و پاوانخوازەکانە.

مانگی گەلاوێژ، نموونەی یەکێک لەو دیمەنە خوێناوی و لێڵانەیە.

ئەم هاوینە ٤١ ساڵ بەسەر هێرشی دڕندانەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان تێپەڕ دەبێ.

٢٨ی گەلاوێژ، بەڵگەیەکی ئاشکرای داگیرکاری و کاولکارییە لە لایەن دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامیەوە.

هاوکات هێمایەکە لە خۆڕاگری خەڵکی کورد و تایبەتمەندییەکانی قۆناغێکی نوێ بزووتنەوەکەی کە دەوروونەخشی کاک فواد مستەفاسوڵتانی وەک ڕێبەرو ئەندازیاری بەتوانای بەرەنگارییە مەدەنی و جەماوەرییەکان لەم دەورەیەدا، بەرچاوەو خەسڵەتێکی نوێخوازانەو مۆدێرنی بەخشیە گشت ئەم بزووتنەوەیە.

ڕژیمی ئێران تەنیا شەش مانگ پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، بە بینینی بەرەنگاریی یەکگرتوانەو بەنامەشرووع زانینی ئەو دەسەڵاتە لەلایەن خەڵکی کوردەوە، بە فەرمان و فتوای خومەینی، هێرشی هێنایە سەر کوردستان و ئەم بزووتنەوە ڕزگاریخوازانە ڕەواوییەی سەرکوت کرد.

میلیتاریزم و لەشکرکێشی، داسەپاندنی کەش و هەوای ئەمنییەتی، دژایەتی جۆرەها بیری ئازادیخوازانەو یەکسانیخوازانە، ئێعدامی بەکۆمەڵ و تۆقاندن ومالوێرانی، یەکەم هەنگاوەکانی ئەم دەسەڵاتە دزێوە بوون بەرانبەریە داخوازیيە مەدەنی و ئاشتیخوازانەکانی خەڵکی کورد.

بەڵام هەنگاوەکانی پاش جێگیربوونی حکومەتی کۆماری ئیسلامی و بوونی بەدەسەڵاتێکی چەسپێنراو لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی،بەمانەوە نەبڕایەوە.

ئەو ڕژیمە بەبێ پێداچوونەوەو گۆڕینی سازوکاری دەسەڵاتەکەی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دڕندەترو هارتر خۆی نواند.

کۆماری ئیسلامی وێڕای داگیرکردنی جوگرافیای کوردستان، بەردەوام هەوڵی داوە کاریکاتە سەر کولتوور و داخوازی و باوەڕەکانی خەڵک. دژایەتی کولتوور و نەریتە باوەکانی نێو کۆمەڵگا، درێژەدان بە پرۆژەی ئاسیمیلەکردنی خەڵکی کورد، سیاسەتی شەڕئەنگێزی و تێرۆرو ئێعدام و دوورخستنەوەی تاکی بیرجیاوازو ڕێکخراوەو هێزی سیاسی نەیار، پێکهێنانی ناوەندگەلی هاوتەریب بۆ بەکرێگرتن و بێکەرامەتکردنی مرۆڤی کورد (بسیج و پێشمەرگە موسڵمانەکان)، ڕێگەگرتن بە گەشەی پیشەسازی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، دیاریکردنی بەرپرسانی دامەزراوەو ناوەندەکانی کار و خوێندن لە دەرەوەی کوردستان، خولقاندنی دیاردەگەلی جۆربەجۆرو نالەباری کۆمەڵایەتی لەوانە؛ کۆڵبەریکردن، بەناچارکۆچکردن، لەگۆڕ و لەسەر کارتۆن خەوتن، مادده هۆشبەرەکان و دەیان دیاردەی دیکە،

...بۆ ل ٢




لە ٤١مین ساڵی فتوای جیهاد و لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان، کە ڕۆژی ٢٨ گەلاوێژی ١٣٥٨ ڕاگێندرا و دەستپێکرد، گەلی کورد بە شانازیەوە لە بەرزترین لوتکەی خۆڕاگری و بەرخۆدان ڕاوەستاوە. کۆماری ئیسلامی و شوێنیسمی باڵادەست هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی هاتنە سەر دەسەڵات، بە پڕوپاگەندەی ژەهراویی و دوژمنکارانە لە دژی گەلی کورد هەڵوێستی گرت و جوڵایەوە. کۆماری ئیسلامی کە بە باشی دەیزانی بە رووخاندنی دەرفەتێکی گەورە و مێژوویی بە گەلی کورد و نەتەوەکانی بن دەستی ئێران ڕەخساندوە، بە خێرایی کەوتە خۆ کە ئەم دەرفەتە لەبار بەرێ و ڕێگە لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان بگرێ و بەربەستی گەورەی بۆ دروست بکات. بەڵام گەلی کورد بە کەمترین خۆسازکردن و بە کەمترین ئیمکانات، یەکگرتوانە و جەماوەری بڕیاری مەقاوەمەت و بەرخۆدانی دەرکرد و لە شەڕێکی داسەپاوی زۆر نابەرابەر مێژوویێکی نوێ، پڕ لە فیداکاری و قارەمانی و خەباتی جەماوەری کەم وێنە ڕاوەستاو و کوڵی نەدا. لە سەرتاسەری کوردستان لە نەبەردی پێشمەرگانە، بزووتنەوە جەماوەرییەکان و بەرخۆدانی شارەکان، خۆڕاگری ناو زیندان و ئەشکەنجەخانە و مەیدانەکانی تیرباران و سێدارە کوردستان بو بە سەنگەرێکی لە شکان نەهاتو. ٤١ ساڵ پاش فتوا و هێرش و داگیرکردنی کوردستان، گەلی کورد سووره لە سەر خەبات و گەیشتن بە ئاواتەکانی. وێڕای داسەپاندنی دەسەڵاتێکی داگیرکارانە و ئەوپەڕی وەحشیگەری، جوگرافیای سیاسی و خۆڕاگری بزووتنەوەی کوردستان لە چاو ڕۆژی دەرکردنی فتوا، پان و بەرینتر و بەرفەراوانتر، جەماوەری تر، ڕاشتیانەتر و وشیارانەترە. ئەم بزووتنەوە تا ڕامالینی هێزی داگیرکەر و گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنوس درێژەی هەیە.

### وتووێژی هاوڕێ عومەری ئێلخانیزادە لەگەڵ تیشک تی ڤی



ئێستا کە چاوی لێدەکەم دەبێ ڕەخنە لە خۆمان بگرین بۆ لە[لە دەیەی ٥٠] , کۆمەڵە و دێمۆکرات سەرەڕای جیاوازییەکانیان، نەیانتوانی پێکەوە کیانێک بۆ کورد دروست کەن، کیان مەنزوورم دەوڵەت نییە، یانی سازەیەکی کوردی، کوردستانێکی نەتەوەیی، ئەوەی ئێستا بیری لێ دەکەینەوە بۆ ئەوکات کە بزووتنەوەیەکی گەورە لە ئارادابوو، نەمانکرد؟

...بۆ ل ٨ و ٩



« مامۆستا، خۆی بە پلەی یەکەم بە ئینسان دەزانی، دوایە کورد و دوایە موسوڵمان »

### وتووێژێک سەبارەت بە کەسایەتی و ڕۆڵی مامۆستا شێخ عیزەدین حسینی لەگەڵ کاک ئەحمەدی ئەسکەندەری

...بۆ ل ١٤ و ١٥

کۆڵبەری، شەڕ بۆ مان یا نەمان
سەیران مستەفازادە (ل٣)

چۆنییەتی ڕێکخستن و کاری سیستمی تۆتالیتێری مەزهەبی لە ئێران
زاگرۆس بانە (ل٥)

مانگرتن و ناڕەزایەتیی یەکگرتووانەی کرێکاران، گورزێکی کوشەندەیە لە کۆماری ئیسلامی
فیرووز مامۆیی (ل٦)

ڕۆژهەڵاتی ناوین پاش پەسەندنەکرانی بڕیارنامەکەی ئەمریکا لە شووڕای ئەمنییەت
محەممەد حەکیمی (٤)

وتووێژی هاوڕێ عومەر ئێلخانیزادە لەگەڵ تیشک تی ڤی
(ل٨ و ٩)

پێناسەی جنسییەتی ڕێگەری بەختەوەری
سولماز دوروودی (ل١٠)

وتووێژ لەگەڵ کاک ئەحمەدی ئەسکەندەری سەبارەت بە ژیان و خەباتی مامۆستا شێخ عیزەدین
( ل١٢ و ١٣)

تاران، پایتەختی سێدارە
عەزیز ئاجیکەند (ل١٤ و ١٥)

ئێران و عێراق ٩٩ ساڵ دراوسێیەتی و دوژمنایەتی
ئەکرەم مێهرداد (ل١٦)

## درێژەی سەروتار

ئاسەواری درێژەی دەسەڵاتی وێرانکەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە وڵاتی ئێمەدا.
پەراوێز خستنی بزووتنەوەگەلی رادیکاڵ و پێشکەوتنخوازانە لە کوردستان کە لەڕاستیدا پاش «راپەرینی ٥٧»
پێیان نابووە قۆناغێکی نوێ و سەربەخۆ، هەوڵی تایبەتی بۆ درا.
زاڵبوونی گوتاری چەپی ئێرانی کە بەشێکی بەرچاو لە هێزەکەی لەژێر کاریگەری وهێژمۆنی ئیسلامی سیاسی دژەئامریکاییدا بوون، ئەو هەلەی بۆ دەسەڵاتی ناوەند رەخساند کە بە درێژایی ئەم چواردەهەیە، مێکانیزمێک پێکبهێنرێت کە تێیدا راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ؛ بەشێوەی بەرنامەبۆدارێژراو، هەوڵ بۆ لەباربردن و دواکەوتوو وێناکردنی خەباتی دێمۆکراتیک و یەکسانیخوازانەی سەربەخۆ لە کوردستان بدرێ.
ئەمە لە لایەک قووڵ بوونەوەو بەربڵاوبوونەوەی ئاستی پیلان و جەنایەتەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی دەردەخات و لە لایەکی دیکەوە نیشاندەری بەپێکهاتەبوون و سیتێمێکی بەهێزی داگیرکارانەیە کە بەرپەرچدانەوەی پیلانەکانی ئەستەمە.
کۆماری ئیسلامی رژیمێکی تۆتالیتێری نەگۆڕە.
هەرجۆرە ئاڵوگۆڕێک بەقازانجی گەلانی ئەو جوگرافیایەو بەتایبەت گەلی کورد، تەنیا بە تێکهەڵپێچان و دارماندنی پێکهاتەی گشتی دەسەڵاتی «کۆماری ئیسلامی ئێران» دێتەدی. ئەمەش بە تێکۆشانی یەکگرتووانەو بەپێکهاتەبوونی خەباتی جەماوەری و هەنگاوی هاوبەشی جەماوەری خەڵک و گشت هێزو لایەن و بۆچوونێکی ئازادیخواز، مسۆگر دەبێت.
ئێستا بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کورد، بەرفراوانترو پێشکەوتووانەتر لە پێشوو لە ئارادایە. کوردستان بەردەوام سەنگەرێکی جێ متمانەی ئازادیخوازانە.

## حوکمی سێدارەی حەیدەر قوربانی بۆ بەشی جێبەجێکرانی حوکمەکان بەرێ کرا



دۆسیەی بەندکراوی سیاسیی کورد حەیدەر قوربانی بەرێ کراوە بۆ بەشی جێبەجێکرانی حوکمەکانی دادسەرای سنە بە مەبەستی جێبەجێکرانی حوکمی سێدارەی ناوبراو و ئەگەری زۆرە لە رۆژانی داهاتوودا ئەو حوکمە جێبەجێ بکرێ.
تەنیا بەڵگەی سەلماندن بۆ تۆمەتی کوشتن کە دراوەتە پاڵ حەیدەر قوربانی، دانپێدانانی ناوبراو لە ژێر ئەشکەنجەی نامرۆڤانە لە دەستبەسەرگەی ئیتلاعاتی سنەدایە
رۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩، حوکمی سێدارەی حەیدەر قوربانی، بەندکراوی سیاسی خەڵکی کامیران لەلایەن لقی ٢٧ی دیوانی بەرزی وڵاتی ئێرانەوە پەسەند کراوە و پارێزەرەکانی ئەو حوکمەیان بە بنەماڵەی ڕاگەیاندووە. حەیدەر قوربانی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوو لەلایەن لقی یەکەمی دادگای شۆڕشی سنە بە سەرۆکایەتی دادوەر "سەعیدی" بە تۆمەتی «بەغی» و "هاوکاری و ئەندامەتی لە یەکێک لە حیزبە کوردستانییەکانی دژبەری رژیم ئێران " حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپاوە و ئەو حوکمە ڕێکەوتی ٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ لە ناو بەندیخانەی سنە بە فەرمی پێی ڕاگەیەندراوە.
حەیدەر قوربانی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٥ لە گەڵ ژن براکەی بە ناوی "مەحموود سادقی" کە هەردوویان خەڵکی گوندی "بزوەش" سەر بە شاری کامێران بوون، لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات دەستبەسەر و لەوکاتەوە لە بەندیخانەی ناوەندیی شاری سنە دەستبەسەرن.
ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە لە ڕێکەوتی ١٤ی ڕەزبەری ١٣٩٨ لە دۆسیەیەکی دیکەدا و لەلایەن لقی ١ی دادگای تاوانەکانی پارێزگای سنە بە تۆمەتی "هاوکاری کردن و کارئاسانی بۆ کوشتنی چەند ئەندامی سپای پاسداران لە کامێران" دادگایی کرابوون. بە پێی ئەو حوکمە حەیدەر قوربانی حوکمی ١١٨ ساڵ و ٦ مانگ بەندکران و لێدانی ٢٠٠ قامچی و مەحموود سادقی حوکمی ٤٠ ساڵ و ٦ مانگ بەندکران و لێدانی ٢٠٠ قامچییان بە سەردا سەپابوو.
ڕژێمی ئێران سێ ساڵ پێش لە یەکێک لە کاناڵەکانی خۆی بە ناوی (پرێس تی وی) کە کاناڵێکی ئینگلیزی زمانە، فیلمێکی لە دانپێدانانی حەیدەر قوربانی، بەندکراوی سیاسی کورد بڵاو کردەوە.بە وتەی نزیکانی ناوبراو، حەیدەر قوربانی لە ژێر ئەشکەنجەی نامرۆڤانە، ناچار بەو دانپێدانانە بووە و ناچار کراوە کوشتنی چەند ئەندامی سپای پاسداران وە ئەستۆی خۆی بگرێت.

## حوکمی سێدارەی هاووڵاتییەکی کورد لە سنە جێبەجێ کرا



حوکمی سێدارەی هاووڵاتییەکی کورد لە بەندیخانەی ناوەندیی شاری سنە کە بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەست ئەو حوکمەی بەسەردا سەپابوو، جێبەجێ کرا.
سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ٢٠ی گەلاوێژ، حوکمی سێدارەی هاووڵاتییەکی خەڵکی سنە بە ناوی "کەیوان ڕەزاقولی" لە بەندیخانەی ناوەندی ئەو شارە بەڕێوەچوو.
کەیوان ڕەزاقولی تەمەن ٤٣ ساڵ لە ٢٥ی ڕێبەندان، بە تۆمەتی کوشتنی هاوڕێیەکی خۆی دەسبەسەر و لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپێندراوە.
هەتا کاتی ئامادە کردنی ئەم هەواڵە میدیاکانی ئێران هیچ زانیاریەکیان لەسەر بەڕێچوونی ئەم حوکمە بڵاو نەکردووەتەوە.

## دەسبەسەر کرانی سێ لاوی خەڵکی داڵاهۆ لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران



هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی کرماشان سێ لاوی خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری داڵاهۆیان دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستەوە.
شەوی چوارشەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی ، هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای کرماشان بە ٧ ئۆتۆمبێل هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی "داراب" سەربە شاری رێژاو، ناوەندی قەزای داڵاهۆ و لانیکەم سێ لاویان دەستبەسەر کردووە.
ناسنامەی ئەو سێ لاوە کوردەی "ئارەش دارابی" تەمەن ١٨ ساڵ، "ئەفشین سەیدموڕادی" تەمەن ٢٠ ساڵ و "یەحیا سەیدموڕادی" تەمەن ١٩ ساڵ ڕاگەیاندووە.
بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هەوڵیان داوە کە ترس و دڵەڕاوکێ لە ناو خەڵکی گوندی داراب دروست بکەن و ئەو سێ لاوەیان دەستەبسەر و سەریانیان داپۆشیوە و دواتر بەرەو شوێنێکی نادیاریان بردوون.
هەتا ئێستا ، هۆکاری دەستبەسەر کرانی ئەو سێ لاوە کوردە ڕوون نەبووەتەوە.

## پارێزەرێکی کورد لە سەقز دووبارە دەسبەسەر کرایەوە



ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی گەلاوێژ، عەلی ساکنی، پارێزەری دادگوستەری لە شاری سەقز، دووبارە دەسبەسەر کرا و بۆ زیندانی ئەو شارە ڕاگوێزرا.
ڕۆژی یەکشەممە ٨ی پووشپەڕ، «عەلی ساکنی»، پارێزەری دیاریکراوی «هوشمەند عەلیپوور»، زیندانیی سیاسیی مەحکووم بە ئیعدام لە زیندانی سنە، لە سەقز لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرا.
ئەو پارێزەری دادگوستەرییە ڕۆژی چوارشەممە ١١ی پووشپەڕ، پاش تەوابوونی قۆناغی لێپرسینەوەکەی لە گرتنگەی ئیتلاعاتی شاری سنە بۆ زیندانی سەقز ڕاگوێزرا و ڕۆژی دووشەممە ١٦ی پووشپەڕ بە دانانی بارمتە هەتا کۆتایی دادگاییەکەی بە شێوەی کاتی ئازاد کرابوو.
دۆسیەی عەلی ساکنی لە لقی ٣ی لێپرسی دادگای سەقز تاوتوێ دەکرێت و ناوبراو بە تۆمەتی «پڕوپاگەندە دژی نیزام و ئاشکراکردنی رازە نهێنەییەکانی دۆسیەی هوشمەند عەلیپوور» تاوانبار کردبوو.

## چارەنووسی هاووڵاتییەکی کورد پاش دەسبەسەرکرانی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە، ناڕوونە.



چارەنووسی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «خدر عەزیزی» خەڵکی گوندی «بێورانی خوارێ»ـی بەخشی ناوەندی شاری سەردەشت، پاش دەسبەسەرکرانی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە، ناڕوونە.
ئەو هاووڵاتییە کوردە، ڕۆژی چوارشەممە ٨ی گەلاوێژ، بە بێ بەڵگەی قەزایی، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و هەتا ئێستا بەدواچوونی بنەماڵەی ئەو هاووڵاتییە کوردە، بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووس و هوکاری دەسبەسەر کرانی بێئاکام ماوەتەوە.
هێزە ئەمنییەتییەکان پاش دەسبەسەر کردنی ئەو هاووڵاتییە کوردە، ناوبراویان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواستووە.
خدر عەزیزی لە ماوەی دەسبەسەرکرانیدا، لە «پەیوەندیی تەلەفوونی و چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی و دەسپێڕاگەیشتن بە پارێزەر» بێبەری بووە.
ئەو هاووڵاتییە کوردە، خێزاندار و خاوەنی دوو منداڵە.

## کۆڵبەرێکی مێرمنداڵ لە سنوورەکانی مەریوان بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی رژێمی ئێران برینداركرا

هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنوورەکانی مەریوان تەقەیان لە کۆڵبەرێکی مێرمنداڵ کردووە و بە سەختی برینداریان کردووە.
ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٩٩ ، هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنووری "مەڕانە"ی مەریوان تەقەیان لە کۆڵبەرێکی تەمەن ١٧ ساڵ بە ناوی "ئارمین ئەحمەدی" کردووە و سینگی بە سەختی بریندار بووە.
بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزەکانی ئێران دوای ئەوەی ئەو کۆڵبەرەیان بریندار کردووە و تووشی خوێنبەربوونی زۆر بووە، لەو شوێنە بەجێیان هێشتووە کە دواتر خەڵکی ناوچەکە بینیویانەتەوە و گەیاندوویانە بە ناوەندە دەرمانییەکانی مەریوان.
ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردووش، هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنووری نەوسوود کۆڵبەرێکی تەمەن ١٦ ساڵیان بە ناوی "موبین حوسێنی" دابووە بەر لێدان و کوتان.بە پێ ئامارەکان لە سەرتای مانگی گەلاوێژی ئەو ساڵ
دوو کۆڵبەر بە ناوەکانی وەزیر مەحمەدی و ڕەزا پوور ئیسماعیل بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی رژێم لە سنوورەکانی نەوسوود سەر بە پارێزگای کرماشان و چاڵدێران سەر بە پارێزگای ورمێ کوژراون. هەروەها کۆڵبەرێک بە ناوی خالید غەفووری لە ڕووداوێکی هاتووچۆ دا گیانی لەدەستداوە و پێنج کۆڵبەری تر بریندار بوون.

## دەستبەسەر کرانی ٥٣ هاووڵاتی کورد لە ماوەی مانگی ڕابردووی زایینی (٢٠٢٠)

لە ماوەی مانگی ڕابردووی زایینی، لاینکەم ٥٣ هاووڵاتیی کورد بە تۆمەتی چالاکی سیاسی و هاوکاری لەگەڵ حیزبە کو ر د ستا نییە کا نی دژبەری ئێران، مەدەنی و مەزهەبی دەستبەسەر کراون.
بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئامار کوردستان ، لە ماوەی مانگی ژوئیەی ٢٠٢٠ دا، لانیکەم ٥٣ هاووڵاتیی کورد بە تۆمەتی چالاکی سیاسی، مەدەنی، مەزهەبی و پەیوەندی لەگەڵ حیزبە کو ر د ستا نییە کا نی دژبەری ئێران دەستبەسەر کراون.
بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، ٤٧ کەس بە تۆمەتی چالاکی سیاسی و پەیوەندی لەگەڵ حیزبە کو ر د ستا نییە کا نی دژبەری حکوومەت، ٤ کەس بە تۆمەتی چالاکی مەدەنی ٢ کەس بە تۆمەتی چالاکی مەزهەبی دەستبەسەر کراون.

# گرانی خانووبەرە و زۆر بوونی پەراوێزنشینی لە شاری بۆکان

کاوان موکری

لە دوای خراپ بوونی بارۆدۆخی ئابووری، گران بوون وو ئاوسانێکی زۆر بەسەر وڵاتی ئێراندا هات. یەکێک لەو بابەتانەی کە گران بوونەکەی گوشارێکی زۆری بەسەر خەڵکی هەژار بەتایبەت کرێکاراندا سەپاند گران بوونی نرخی خانووبەرە بوو. ئەو گران بوونە لە شارگەلێک وەک شاری بۆکان خۆی بە شێوازێکی سەختتر و بە دوو شێوە نیشان دا کە بریتین لە:

١- زۆر بوونی هەرچی زیاتری ژمارەی کرێ نشینان

٢- زیاد کردنی نیشتەجێ بوون لە قەراغ شاری بۆکان

بە پێی پرسیار لە کارناسانی بواری خانووبەرە لە شاری بۆکان نرخی کرینی خانووبەرە بە شێوەی نێونجی لە چاو ساڵی رابردوو سەتا ٢٥٠ بەرز بۆتەوە کە ئەو بەرزبوونەوەیە لە شەقام گەلێک بە دانیشتوانی زۆرتر دەولەمەندەوە وەکوو شەقامی وەرزش، ئەبووزەر،بەهرامی (سەیید سەلاح)، ئامووزش وو پەروەرش، شەهرەک گوڵستان خۆی زۆرتر نیشان داوە بە شێوەیێک کە لە شەقامێک وەکوو شەقامی وەرزش هەر میتر خانووبەرە ٣٠ هەتا ٥٠ ملیۆن و هەر میتر باڵاخانە (ئاپارتمان) میتری ١٢ هەتا ٢٠ ملیۆن قیمەتی لەسەر دادەندرێ. یان بۆ نموونەیێکی تر نرخی هەر میتر باڵاخانە لە گەڕەکی فەرهەنگیان لە ٣ ملیۆنەوە لە ساڵی ٩٨ هەتاوی بۆ ٩ ملیۆن لە ساڵی ٩٩ دا بەرز بۆتەوە. بەڵام شوێن گەلێکیش بە دانیشتوانی زۆرتر کرێکار وو جووتیاریش لە بەرز بوونەوەی نرخ دوور نەبوون، بۆ نموونە نرخی هەر میتر خانووبەرە لە گەڕەکی جاددە حەسار لە ساڵی رابردوو هەتا ئێستا لە ٣ ملیۆن بۆ ٦ ملیۆن زیادی کردووە.

ئەوە بەرز بوونەوەی نرخی خانووبەرە، زۆرینە ی لاوانی کرێکار و کارمەندی بێ خانوو و مەسکەنی لە گەیشتن بە ئاواتی کرینی ماڵ دوور خستەوە و ژمارەی ئەو کەسانەی کە روویان لە ماڵ بە کرێ گرتن کرد بەرز بۆتەوە . بەرز بوونەوەی ژمارەی کرێ نشینانی شاریش بۆخۆی گران بوونی نرخی کرێ مالی لێ کەوتەوە کە ئەو بابەتە بوو بە هۆی گوشاری ئابووری زیاتر بۆ سەر کرێکاران و هەژاران و دوور خستنەوەی ئەوان لە ناوەندی شار بۆ قەراغ بۆکان. بە پێی قسەی کارناسانی بوواری مەسکەن و خەڵکی گوندەکانی ئینگیجە و کەرێزەی مەحموودئاوا و ناچیت و حەسار بە بۆنەی نزیکی ئەو چوار گوندە لە شاری بۆکان ژمارەی ساز کردنی خانووبەرە لەو گوندانە لە چاو ساڵانی رابردوو بەرز بوونەوەیێکی زۆری بەخۆی دیت بە شێوەیێک کە لە کاتی کرۆنادا بە هۆی کەم بوونەوەی چاوەدێری شارەداری بۆکان، شەوانە لە قەراغ ئەو گوندانە بە بێ چاوەدێری ئەندازیاری خانووگەلی چکۆلە بۆ فرۆشتن بە خەلکی هەژار ساز دەکرا. ئەو بابەتە بوو بە هۆی زۆر بوونی حاشییە نشینی لە شاری بۆکان و دوور بوونەوەی هەژاران لە ناوەندی شاری بۆکان. سەختتر بوون و زۆرتر بوونی ئاوسانی خانووبەرە لە شاری بۆکان لە چاو شارانی نیزیک خۆی(جگە لە خراپ بوونی بارووەدۆخی ئابووری وڵات) دوو هۆکاری هەیە :

١- بەرزبوونەوی زۆری دانیشتوانی شاری بۆکان لە سالانی رابردوودا بە هۆی شوێنگەی گرینگی ئابووری ئەو شارە لە نێو شارەکانی ناوچەدا بە پێی ئاماری بنکەی ئاماری ئێران ژمارەی دانیشتوانی شارستانی بۆکان لە سالی ١٣٩٥ی هەتاوییەوە هاتا ئێستا نزیک بە ٤٠ هەزار کەس زیادی کردووە کە ئەوە یەکێک لە گەورەترین هۆکارەکانی بەرز بوونەوەی زۆرتری نرخی خانووبەرە لەو شارەدایە. زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی شاری بۆکان بۆتە هۆی کەم بوونەوەی خانوو و زۆرتربوونی ساز کردنی باڵاخانە لەو شارەدا. زۆرینەی باڵاخانەکانی شاری بۆکان لە شەقام گەلی وەرزش وو ئەبووزەروو ئامووزش و پەروەرش و بەهرامی دایە کە هەر ئەو جۆرەی باسمان کرد بە بۆنەی داواکاری زۆرتری زەوی لەو شەقامانەدا، زۆرترین ئاوسانی نرخی خانوو لەو گەڕەکانەدا دەبینین.

٢- سازبوونی دەلاڵی زەوی وو خانووبەرە بە دەست دەوڵەمەندان لە گەڕەکەکانی شاری بۆکان بە داخەوە بە بۆنەی لاواز بوونی کاری بەرهەم هێنان لە وڵاتی ئێراندا زۆرینەی دەوڵەمەندان بە تايبەت دەوڵەمەندانی تازە پێداکەوتووی شاری بۆکان روویان لە دەڵاڵی زەوی وو خانووبەرە کردووە بە شێوەیێک کە ماڵەکان بە نرخێکی زۆرتر لە نرخی راستەقینەی خۆی دەفرۆشرێتەوە و ئەو سەودایانە سوود و خێرێکی زۆری بێ زەحمەتیان بۆ ئەو کەسانە هەیە . نموونەیێکی زۆر باشی ئەو بابەتە شەهرەکی گوڵستان لە نیزیک گەڕەکی ساڵمەندانی شاری بۆکانە. لە ٩ ساڵی رابردوودا بە بۆنەی سەودای زۆری دەلاڵانی خانوو، میتری زەوی لەو گەرەکە سەتا ١٠٠٠ زیادی کردووە و هەر روو لە زیاد بوونە.



بە داخەوە ئەو بابەتانەی کە باس کرا بۆتە هۆی زۆر بوونی هەرچی زیاتری جیاوازی نێوان هەژار وو دەوڵەمەند وهەروەها نیشان کردنی گەڕەکەکان بە گەڕەکی دەوڵەمەندوو هەژار و دوور بوونەوی زۆرتری کرێکاران و هەژاران لە گەڕەکی نیشان کراوی دەوڵەمەندان. هەر ئەو جۆرەی لە سەرێدا ئاماژەی پێکرا نرخی خانووبەرە لە سەتا ٢٥٠ لە چاو ساڵی ٩٨ هەتاوی زیادی کردووە ئەوە لە حالێکدایە کە مووچەی کرێکاران لە چاو ساڵی رابردوو تەنیا لە سەتا ٢١ و مووچەی کارمەندان لە سەتا ١٥ بەرزبوونەوەی بە خۆی دیتووە. بە دیتنی جیاوازی بەرزبوونەوەی نرخی ماڵ وو مووچەی کرێکاران و کارمەندان پرسیارێک پێش دێت ، کە ئایا بەو کارەساتی ئاوسانی مەسکەن دەبێ بە کەم بوونەوەی کرێ نشینی و حاشییە نشینی هیوادار بین ؟ بە بێ گومان « نەخێر» و بە داخەوە بە چوونە پێشی هەر چی زیاتر بەو شێوازە، خراپ تر بوونی بارۆدۆخی هەژاران لەم شارەدا دەبینین.

# دۆخی نالەباری فەزای سەوز لە شاری سنە

سامان سنە

کەمبوونی پارک و شوێنی حەسانەوە و فەزای سەوز لە ئاستی شاری سنە، بووتە هۆی ئەوەیکە خەڵک بە ناچار لە کەشێک کە ترافیکێکی زۆری لەسەرە کەڵک وەربگرن. لە راستیدا شاری سنە لە ئاست زۆر شوێنی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کەشێکی گونجاوی لە بواری ئاو و هەوا هەیە و بە سەرنج بە پێگە و پۆتانسیەلی شاری سنە دەکرێ فەزای سەوزی پێویست بە پشت بەستن بە بەڕێوبەرایەتیەکی کارامە بۆ هاوڵاتیان دەستەبەر بکرێت. هەروا کە دەزانین گرنگترین کاریگەریەکانی فەزای سەوز لە هەر شار و ناوچەیەک کە خەڵک تێیدا نیشتەجێن ئەوەیە کە، لە لایەک ژینگەی ئەو ناوچەیە و مێتابۆلیسمی شارەکە دەباتە سەرەوە و لە لایەکی دیکەشەوە جوانی ئەو شوێنە زۆرتر دەکات و دەبێتە هۆی گەشەی ژینگە و هەروەتر ژیانی هاوڵاتیان. بەڵام بەداخەوە دۆخی فەزای سەوزی شاری سنە لە ئاستی پێویست زۆر کەمترە و تەنانەت لە ماوەی ساڵانی داهاتووش لە بواری ئامار و داتاوە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. لە کاتێکدا کە پێی خوێندنەوە و توێژینەوەکان لە بواری بینا و شارسازی ستاندارد و پەسەندکراو، فەزای سەوزی ناو شار لە نێوان ٧ تا ١٢ میتر بۆ هەر نەفەرێکە کە، بەداخەوە بینەری ئامارێکی یەکجار لاواز و کەم لەم پەیوەندەدا لە ئاستی شاری سنە و باقی شارەکانی دیکە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەین و سەرانەی فەزای سەوز لە شاری سنە لەو ستانداردەکانی ئێران و جیهان زۆر کەمترە. وێڕای کەمی فەزای سەوز لە ئاستی شاری سنە، خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە رێژەیەکی زۆری گیرۆدەبووان بە مادە هۆشبەرەکان لە نێو پارکەکاندا دەژین یان کەسانێکی زۆر دەبینی کە هەڵگری کێشەی کۆمەڵایەتین و چەقۆ و چەکی ساردیان پێیە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەیکە بنەماڵەکان زات نەکەن روو لەم شوێنانە بکەن و بەداخەوە ئارامی و هێمنی کەشی شار بەم بۆنەوە تێکچووە. لەم رۆژە گەرمانەی هاویندا بوونی فەزای سەوز ئاواتی هەموو هاوڵاتیانی دانیشتووی شاری سنەیە تا بەڵکوو بتوانن تۆزێک لە سێبەری دارێک دانیشن و کەڵک لە جەوێکی خۆش و ئارام وەربگرن. لە راستیدا فەزای سەوز و پارک دروست دەکرێن تا بەستێنێکی ئارام و خۆش بۆ ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان لەبار بکرێت و بە سازدانی کەشێکی جوان و رازاوە لە رەنگ و عەتر و بۆنە خۆشەکانی سروشت میوانداریی لە هەوڵاتیان بکرێت، بەڵام بەداخەوە فەزای سەوزی پارکی میلەت ۆ پارکی نەبوەت و ...هتد، بووەتە شوێنی کۆبوونەوە و حەشیمەتی گیرۆدەبووان و فرۆشیارانی مادەهۆشبەرەکان. پارکی نەبوەت لە سەرەتای چوونە نێو شاری سنە هەڵکەوتووە و ماوەیەکە لەلایەن شارەدارییەوە پشتگوێ خراوە و بووەتە شوێنێک بە کۆبوونەوەی گیرۆدەبووانی مادەهۆشبەرەکان و تەنانەت بووتە هۆی دوور کەوتنەوەی گەشتیاران و بەداخەوە ئەم شوێنانە بووەتە مەئمەنێک بۆ فرۆشیاران و بەکەرهێنەرانی مادەهەشبەرەکان و لە راستیدا گەورەترین حەشارگەی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان و لەم گەرما تاقەت پرووکێنەی هاوینەدا پارکی میلەت و تووس نەوزەر و پارکی نەبووەت و ...هتد، لە جیاتی شوێنێک بۆ حەسانەوەی هاوڵاتیان، شوێنێکە بۆ کەڵەکە بوونی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان و نا ئەمنی و نەهامەتی لە روخساریان دەبارێت.



سنە کە ئێستاکە زیاتر لە نیو میلیۆن هاوڵاتی پەراوێزنشین و هەژاری تێدایە بێبەشە لە هەبوونی فەزای سەوز و ئارام و بە بێ هەبوونی سەیرانگە و شوێنێک بۆ حەسانەوە ئەم هەوڵاتیانە لە دۆخێکی نەشیاودا دەژین و بۆ نموونە گەڕەکەیەکی ١٠٠ هەزار کەسی تەنانەت یەک فەزای سەوزی تێدا نیە و تەنانەت گەڕەکەی بەهاران بە ١٢٠ هەزار دانیشتوو یەک پارکی چکۆلەی هەیە کە تەنیا شوێنی ٢٠٠ کەسە و باقی جێگاکانی دیکەی ئەم شارەش هەر لە وەها بارودۆخێکی نالەباردایە.

## ڕۆژهەڵاتی ناوین پاش پەسەندنەکرانی بریارنامەکەی ئەمریکا لە شووڕای ئەمنییەت

محەمەد حەکیمی

وڵاتانی شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بە نەدانی متمانە بە بڕیارنامەکەی ئەمریکا بۆ دووبارەکردنەوەی گەمارۆی چەکو چولی ئێران نیشانیاندا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەتی شارۆمەندانی ئێرانی توشی کێشەو گرفتی زیاتر دەبن‌و ناوچەکەش توشی شەڕو ئاژاوەی زیاترو کاولکاری زێدەتر.

کاتێ لە ساڵی ٢٠١٨ی زایینی‌و دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئارشیوە گەورەیەی کە وڵاتی ئیسرائیل بە دەستی هێناو نتانیاهۆ بڵاوی کردەوەو جیهان زانی کە ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە ماوەی وتووێژەکانی لەگەڵ گرۆپی پێنج زێدە یەک، بەر لەوو دوای ئەویش، نە تەنها ئەو ئارشیوە، بەڵکوو دەیان شتی دیکەو شوێنی دیکەشی شاردوەتەوە، بەڵام لایەنگرانی ڕێکەوتنی ناوکی زۆر زوو ئەم درۆی ئێرانیان پەردەپۆش کرد یا بیانویان بۆ هێنایەوەو بە کوردیەکەی ماس ماڵیان کرد.

ئێستا کە بۆ هەموو لایەک روون بوەتەوە کە رژیم گوێی بە بەڵێنەکانی خۆیی نەداوەو ناداتو چەندین شوێنی دیکەی ناوکی لە ئێران هەیە کە لە چاو جیهانی شاردوەتەوەو بەرنامەی دروست کردنی بومبی ناوکی هەر لە کاردا ماوەو ماوەتەوە، بەڵام ڕەدکردنەوەی بڕیاری ئەمریکا لە شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتوەکان، سەبارەت بە پێنەدانی چەکو چۆل بە ڕژیمی ئیسلامی لە وەها حاڵێکدا کارەساتێکی گەورەی لێدەکەوێتەوەو دەست ڕاگەیشتنی وەها ڕژیمێک کە پشتگیری‌و لاینگری لە گرۆپو تاقمە تیرۆریستیەکان دەکات کارێکی هەلەو کوشەندەیە.

کاتێ سەبارەت بە بەرنامەی ناوکی لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامی ڕیکەوتن کرا، بڕیابر بوو کە ڕژیم هەموو چالاکی خۆیی سەبارەت بە بەرنامەی ناوکی رابگرێت‌و روونکردنەوەش بدات بە ئاژانسی ئێونەتەوەی وزەی ناوکی. بەڵام رژیم بە پێچەوانەوە نە تەنها ئەو کارەی بە گشتی ئەنجام نەدا بەڵکوو پەرەی داوە بە چالاک کردنی بەرنامەی ناوکی خۆیی بۆ دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی.

ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئاژانس چەندین جار ڕاپوتی داوە سەبارەت بەوەی کە ئەگەری زۆرە ڕژیمی ئیسلامی ئێران مەوادی ناوکی لە ناو خۆیی ئێران حەشار دابێت‌و هەروەها ڕێگە نەدانی رژیم بە نوێنەرانی ئاژانس بۆ پشکنین لەو دوو شوینە نوێیە ئەوە نیشان دەدات کە ڕژیمی ئیسلامی هەروا بە دوای بەرنامەی ناوکی خۆیەتی‌و گوێبیستی دەنگی دەرەوەی خۆیی نییەو تا ئێستە گەمەی کردوە لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکان.

ئەمە لەلایکەوەو لەلایکی دیکەشەوە بە ڕەت کردنەوەی پێشنیارەکەی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان ڕژیم لە جاران سوورتر دەبێت لە کارەکانی‌و ئەمە بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ خۆیی وەسف دەکات. هەروا کە «مەجید تەخت ڕەوانچی نوینەری ڕژیم لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەڵێت: پەسەند نەکردنی ئەم بڕیارنامە نیشانی دا کە ئەمریکا بە تاک ماوەتەوەو لەمە بەدواوە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە ڕژیم لە ناوچەکە زیاتر پشێوی‌و ئاڵوزی بنێتەوە، چونکا بەو باوەرە گەیشتوە کە ئەمریکا بە تەنها هیچی پێ ناکرێت تا ئەو کاتەی وڵاتانی چین‌و روسیە بەرگری لێ دەکەن.

هەر چەن دۆخی ئابووری ئێران زۆر خراپە، بەڵام ئەمە بە تەنهایی ناتوانێ لە ئێران ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕی بنەرەتی لەو وڵاتەو روسیەو چینیش بە دوای فرۆشتنی فرۆکە، تانک، شناوەرو چەکو چۆلە کۆنەکانی خۆیانن‌و کێ لە ئێران باشتر تا ئەو شتانەی پێ بفرۆشن، هەرچەن وڵاتی ئەمریکا دژی ئەوەیە کە چەکە روسی‌و چینیەکان بێتە ناو ئێران، بەڵام ئەمرۆ بە کردەوە دەتوانین ئەوە ببینین‌و چاوەڕێی ئەوە بین. لەلایکی دیکەشەوە خەڵکی ئێران دەبێ چاوەڕێی زیات بە تاڵانبردنی ژێرخانی ئابووری خۆیان بن.

ڕژیم بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکوچولی نوێ‌و مانەوەی خۆیی دەست بە هەموو کارێک دەداتو هەروا کە لە ڕێکەوتنی ٢٥ ساڵەی لەگەڵ وڵاتی چین هەموو خەلیجی فرۆشت بە ئەو وڵاتە تەنها بۆ ئەوەی لە شورای ئەمنیەت بەرگری لێبکاتو هیچ دەستکەوتێک بۆ خەڵکی ئێران لەو ڕێکەوتنەدا بوونی نییەو نەبوە. دەبێ چاوەڕیی بە تاڵانبردنی زیاتری سەرچاوە دارایەکانی ئێران بین لەلایەن دوو وڵاتی چین‌و روسیەو گوشاری زیاتر بۆ سەر جەماوەری وەزاڵە هاتووی ئێران بین.



## دەستبەسەرا گیرانی ٤ نەوتکێشی ئێرانی لە لایەن ئەمریکا



دواڕۆژ

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ یەکەمین جار بەهۆی پێشێلکردنی گەمارۆکانی سەر ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەستی بەسەر ٤ نەوتکێشی ئێراندا گرتووە کە هەڵگری سووتەمەنی بۆ وڵاتی ڤێنێزۆێلا بوون.

«وال ستریت ژۆرناڵ» لە زاری بەرپرسانی ئەمریکاییەوە بڵاوی کردووەتەوە کە دەوڵەتی ئەو وڵاتە دەستی بەسەر ٤ کەشتیدا داگرتووە کە هەڵگری سووتەمەنی بۆ «ڤێنێزۆێلا» بوونە و گەمارۆکانی ئامریکا بۆ سەر ئێرانیان پێشێل کردووە.

ئەمریکا ئەو کارەی وەک دووپاتکردنەوەی «سیاسەتی گوشاری لانی زۆری» بۆ سەر ڕژیمی تاران ئەنجام داوە.

ئەو بەرپرسانە وتوویانە کە ئەو ٤ کەشتییە بە ناوەکانی «لۆنا»، «پاندی»، «برینگ» و «بێلا»، لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە دەریادا ڕاگیراوە و ئێستاکە دەگوازرێنەوە بۆ «هیۆستۆن».

دادگاکانی فیدێراڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، مانگی ڕابردوو بۆ ڕاگرتنی ٤ نەوتکێشی ئێرانی کە بەرەو ڤێنێزۆێلا دەچوون داواکارییەکیان بڵاو کردەوە.

بەرپرسێکی ئەمریکایی بە «وال ستریت ژۆرناڵ»ـی ڕاگەیاندووە کە ئەو نەوتکێشانە بە بێ بەکارهێنانی هێزی نیزامی ڕاگیراون.

بەپێی دۆسییەیەک کە لەلایەن ئەمریکاوە پێشکەش کراوە، بازرگانێکی ئێرانی گرێدراو بە سپای پاسدارانەوە کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناسێندراوە، لە ڕێگای تۆڕی شێرکەتە ساختەکانەوە، باری سووتەمەنیی گواستووەتەوە تا بە شێوەی شاراوە گەمارۆکانی ئەمریکا دەور لێ بداتەوە.

## سپای قودسی ئێران لە سووریە منداڵان بۆ کاری تیرۆریستی بەکاردەهێنێت

دواڕۆژ



سپای قودسی سەر بە سپای پاسداران کە بە ڕێکخراوێکی پێرۆریستیی نێودەوڵەتی دەناسرێت، ئۆردوگای ڕاهێنانی سەربازی و ڕاهێنانی چەکی بۆ منداڵان و مێرمنداڵان لە سوریە دروست کردووە بۆ شەڕ و کردەوەی تیرۆریستی و خۆکوژی بەکاریان دەهێنێت.

بەلەدی نیوز کە میدیایەکی سەر بە سوریەیە، لە زمانی دژبەرانی ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە بڵاوی کردووەتەوە کە:

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو، گرووپ و میلیشیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، ئۆردوگای ڕاهێنان و وەرگرتنی منداڵانیان کردووەتەوە کە کەوتووەتە شاری تەدمری ڕۆژهەڵاتی حمس.

سەرچاوەکە باسی لەوە کردووە کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئەم بنکە سەربازییەی لە شاری تەدمر دروست کردووە بۆ ئەوەی منداڵان تیایاندا ناونووس بکرێن و بۆ کاری سەربازی بەکاریان بهێنن.

میلیشیاکانی ژێر دەسەڵاتی سپای قودسی پاسداران هەوڵ دەدەن منداڵان و مێرمنداڵانی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵی ناوچە گوندەکییەکانی حمس کۆ بکەنەوە و وەک شەڕکەر و موجاهید ڕاهێنانیان پێ بکەن بۆ کردەوەی سەربازی و خۆکوژی.

هەر ئەم میلیشیایانە لە مانگی ڕابردوو، دەیان مێرمنداڵی خوار تەمەن ١٦ ساڵیان لە شاری ئەلبوکەمال وەرگرتووە و بەشدارییان پێ کردوون لە خولێکی ڕاهێنان و بەکارهێنانی چەک. پێشتر گرووپە تیرۆریستی و توندئاژۆکەی «لواء فا×میون»ی ئەفغانی، دەیان منداڵیان کۆ کردبوونەوە بۆ ئەوەی لە تەنیشت هێزە شەڕکەرەکانی ڕژێمی سوریەوە شەڕیان پێ بکرێت.

جێگای ئاماژەیە، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵات و لە شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان دوو ڕژیمی جینایەتکاری بەعسی عێراق و ڕژیمی ئیسلامی ئێرانەوە، منداڵانی لە بەرەکانی شەڕ و بۆ پووچەڵ کردنەوەی مەیدانەکانی مین و هەروەها بۆ جۆرەها کردەوەی تێرۆریستی و تێکدەرانە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە دژە ئینسانیەکانی خۆی بەکار هێناوە.

# هاوڕێ عومەر ئێلخانیزادە:

## کوردستانی بوون هەر ئەوە نییە تۆ بڵەی حیزبێکم لە کوردستانم، گرینگ ئەوەیە تۆ دەبێ بە هەموو شتێکەوە کوردستانی بیر بکەیەوە




**وتووێژی تیشک تی ڤی لەگەڵ هاوڕێ عومەر ئێلخانیزادە**

**ئامادەکردنی وتووێژ بۆ بڵاوبوونەوە لە دوارۆژ:**
**سروە مستەفازادە**

وتووێژ لەگەڵ بەڕێز عومەر ئیلخانیزادە سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەیادی٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات،

**پ:وەکوو یەکەم پرسیار، کاک عومەر دەزانن کە حیزبی دێمۆکرات پێدەنێتە ٧٥ یەمین ساڵی دامەزرانی خۆی، ئامانج لە دامەزراندنی حیزبی دێمۆکرات وەکوو ڕێکخراوەیەکی سیاسیی چی بوو؟**

و: دیارە حیزبی دێمۆکرات لە بزووتنەوەیەکی کوردی دابوە و ئامانجیشی کوردستان و مەسەلەی کورد بووە، پێش دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات و پێش کۆمەڵەی ژێکافیش بزووتنەوەی کورد واقعییەتی بووە، و بوونی حیزبێک کە بێت ئەم بزووتنەوەی بەڕێوە بەرێت لە هەموو بزووتنەوەی کورددا هەستی پێکراوە، هەر بۆیە کۆمەڵەی ژێکاف دروست بوو. ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێمۆکرات ، ڕەنگە لە هێندێک بابەت جیاوازیان بێت، بەڵام لە ئەسڵ دا ئەوە بووە کە بتوانن ئەم بزووتنەوەیە ببەنە پێش و ڕێکخەر و سازماندەری ئەم بزووتنەوەیە بن.

**پ:چۆن بوو کە حیزبی دێمۆکرات دوای تێپەڕینی پێنج مانگ لە دامەزراندنی و پاش ماوەیەکی کورت توانی بگاتە لووتکەی دەسەڵاتی سیاسیی و ئەوە کە کۆماری کوردستانی دامەزراند؟**

و: من لام وایە ئەوە هونەری بزووتنەوەکەیە، هەر کاتێک ویست و داخوازی حیزبێک لەگەڵ ویست و داخوازی بزووتنەوەکە هاوتەریب بێت، ئەوکاتە لە هەڵچوون دایە، دەفڕێ و هەر حیزبێکیش نەتوانێ لەگەڵ ئەوانە بێت دەشکێ، دەورە، دەورەیەکە کە دەوڵەتی مەرکەزی لاواز بوە و مەسەلەی کورد کە دەبێ ماف وەرگرێ لە ئارا دایە ، ئاڵووگۆری گەورە هەیە، دوای شەڕی جیهانی دووهەمە و کورد پێی وایە دەگا بە ئامانجەکانی و بۆیە هەست و ئەستێکی بەرینی کوردایەتی و ڕزگار بوون لە ناخی خەڵک و جەماوەر دایە ، تەقریبەن لە ناو هەموو چینێکی کۆمەڵگادا بوونی هەیە و هەروەها بوونی کۆمەڵەی ژێکافیش تەئانەت بەو تەمەنە کەمەی کە بووی و ژێرزەمینی بوونیشی کە ئاسەواری زۆری ماوەتەوە لە بزووتنەوەی کوردیدا، مەعلومە ئەو کاتەش حیزبی دێمۆکرات و شەخسی پێشەوا قازی محەممەد، کە لە کۆمەڵەی ژێکافیش دابووە کاتێک دەردەکەوێ بزووتنەوەکە دەخوازێ کە ڕێبەری پەیدا بکا و لە هەمان کاتتدا بزووتنەوەکەیە کە ڕێبەرەکەی خۆی یا ئەو حیزبەی کە لەگەڵیەتی دەباتە لووتکە.

**پ: حیزبی دێمۆکرات سەردەمی کۆماری کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر هۆشیاری نەتەوایەتی کورد دانا؟**

و: لە ڕاستیدا ئەگر بڵێم نابێ بڵەی حیزبی دێمۆکرات چ کاریگەریەکەی دانا لەسەر هۆشیاری نەتەوایەتی، دەبێ بڵەی درووست کردنی کۆمار ، سازدانی کۆمار و ئەم بزووتنەوەیە چ کاریگەرێکەی لەسەر حیزبی دێمۆکرات دانا؟ چۆنکە ئەو بزووتنەوەیە کە کۆماری لێ هاتە دەرێ و زۆریش گەورەترە لە حیزبی دێمۆکرات و هەروەها لە هەموو حیزبەکانی کوردستانیش، بۆیە پێموایە زۆر ڕوانگەیەکی تەسکی حیزبییە کە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە، حیزب کە لە حاڵێکدا کە بزووتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی لە ئارادایە ناتوانین بڵێین چ تەئسیرێکی دانا، حیزب بۆخۆی تەئسیری وەرگرت، بۆخۆی تێیدا خارا و بارهات. زۆرکەس بوون لە کۆماردا کە حیزبی نەبوون واتە فکری نەتەوەیی زاڵتر بووە مەعلومە بۆیە حیزبی دێمۆکرات لەگەڵ کۆمار ئەگر خۆی وێکخا، ئەمە دەتوانێ ئێمە بیڵێین کە بەڵێ دوروست کردنی کۆمار حیزبی دێمۆکراتیشی گۆڕی ، یانی دەقێکی لە مێشکی هەموو کوردێکدا و لە بۆچوونی هەموو حیزبێکدا شکاند کە کورد مافی هەیە دەوڵەتی بێت کە کورد نەتەوەیە و ئەوە ئیتر هەم حیزبی دێمۆکرات و هەم هەموو ڕووناکبیر و خەڵکی دیکەی کوردیش پاراو دەکا و دوای شکستی کۆماریش دەبینین هەموو کەس لەوە دەخوا، هەموو کەس ئێستاش کۆماری کوردستان بۆی پشتیوانەیەکی گەورەی مێژووییە.

**پ: کاک عومەر کەمێک لە مێژوو بێینە پێشەوە، حیزبی دێمۆکرات لە دەیەی شەستی هەتاویدا چ ڕۆڵێکی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات دابووە؟**

و: من لام وایە حیزبی دێمۆکرات وەک حیزبێکی دژ بە کۆماری ئیسلامی و ئەو وەقتە و ئەوەی کە ئەوکات نەچوە ژێرباری کۆماری ئیسلامی و سکۆلاریزمێک لە کوردستان بوو قەتعەن هەبوونی حیزبە سیاسییەکانی ئەوکات کە ئەساسەن کۆمەڵە و دێمۆکرات بوون، ڕۆڵێکی گەورەیان بووە ، مقاومەتی خەڵکی کوردستان و هەموو ئەوەی کردوویانە، زۆر جێی شانازیە، بەڵام ئێستا کە چاوی لێدەکەم دەبێ ڕەخنە لە خۆمان بگرین بۆ لەو دەیەیەدا ئێمە نەمانتوانی، یان خود کۆمەڵە و دێمۆکرات سەڕەرای جیاوازییەکانیان، نەیانتوانی پێکەوە کیانێک بۆ کورد دروست کەن، کیان مەنزورم دەوڵەت نییە، یانی سازەیێکی کوردی، کوردستانێکی نەتەوەیی، ئەوەی ئێستا بیری لێ دەکەینەوە بۆ ئەوکات کە بزووتنەوەیەکی گەورە لە ئارادابوو، نەمانکرد؟ هەڵەی گەورەی ئێمە ئەوە بوو، من بێ تەعەسوب دەڵێم هەم کۆمەڵە هەم دێمۆکرات، هەردووکیان چوون لەناو ئێرانییەکاندا پارتنێر پەیدا کەن لە جیاتی ئەوەی بزووتنەوەی کورد وێک بێنێ و بیکەن بە هێز، هەردووکمان دەمانهەویست پارتنێرمان بێ و ئێرانی پشتیوانیمان لێبکا تا ئێمە لە کوردستان بە هێزتر بین، بە کۆمەکی ئەوان کوردستان بە هێزکەین، ئەمە ئەو هەڵە مێژووییە و هەر تایبەت بە کۆمەڵە و دێمۆکرات نییە پێشتریش لە شۆڕشی ئەیلولیش بەولاوە هەر کراوە.

**پ: کاک عومەر هۆکاری سەرەکی ئەو هەڵە مێژووییە چ بووە؟**

و: هۆکاری سەرەکیکەی ئەوەیە کە ئێمە کەوتبووینە دەورەیەکەوە کە بزووتنەوەی کوردی و کۆمەڵگای کوردستانیش مەیلی جۆراوجۆری سیاسیی تێدایە، ئەو مەیلانە دژبەری یەکیشن، منافیسی یەکیشن، بەڵام لە مەسەلەی دێمۆکراسی و مەسەلەی نەتەوییدا دەتوانن یەک بگرن، هەردووکمان ئێرانچی بووین، کوردستانی بوون هەر ئەوە نییە تۆ بڵەی حیزبێکم لە کوردستانم، گرینگ ئەوەیە تۆ دەبێ بە هەموو شتێکەوە کوردستانی بیر بکەیەوە، ئێمە چووین حیزبی کۆمۆنیست دروست بکەین لەگەڵ چەپی ئێران ئەنواعی پەیوەندی و پەیکارمان بوو خراپمیشمان نکردووە، حیزبی دێمۆکراتیش لەگەڵ خان بابای تێهرانی، بەشێک لە چریک و موجاهدین کە ئەوان بۆخۆیان کێشەیان بوو لەگەڵ یەک هاوپەیمانی بەست، هەم پارتنێرەکانی ئێمە هەم پارتنێرەکانی حیزبی دێمۆکرات و ئێمەش بۆخۆمان بێ کێشە نەبوین، ئەو کێشەیە لەسەرمان زیاد بوو یانی باری خستە نێو بزووتنەوەکە تا ئێستاش ئەوە بووە، من لام وایە ئەورۆ ئەگر دەرسێک لە دەیەی شەست وەرگرم بە هەموو قارەمانیەتی و خەباتکاری گەلی کورد، پێشمەرگە، حیزبەکان و کادری نهێنی کردیان، دەبێ بڵێم، لە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازدا: لەپێشدا کورد دەبێ خۆی یەکدەنگ وهاوپەستەو یەکگرتوو بێ.

ئێمە دەمانتوانی، ڕاستە بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات گەمارۆ درابوو، ڕاستە ئەوجۆرەی کە دەبێ ببێ دەنگی بە دونیا نەدەگەیشت ، بەڵام خۆ زیاتر دەیتوانی دەور بگێرێ، دەیتوانی بمێنێتەوە، دەیتوانی مانۆڕی زۆر گەورە بکا، کۆماری کوردستان بە تەمەنێکی کەم و پانتاییەکی جوگرافییایی تەسک ئەو هەموو کاریگەرییەی دانا، بۆ ئێمە نەماندەتوانی پارلەمانێکی کوردستان دانێین؟ کەیفی خۆیەتی کۆماری ئیسلامی با هێرش بکا، هەر ئەو چەن مانگە دەمانتوانی ئەو کارە بکەین، بۆ ئێستا بیر لەوە نەکەینەوە؟ ئەوەیە ماوەتەوە . کۆمار بە ئێمە دەڵێ ئێستا کە یادی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێمۆکرات دەکەین، حیزبی دێمۆکرات حیزبێک بووە کە لە کۆمار بەشدار بووە، بەڕێوەبەری بووە، پێشەوا قازی محەممەد بەرپرسی بووە، ئەوەش تەئسیراتەکەی ، هی چییە ئەو تەئسیراتە؟ با سەوادتر بوون؟ نەبوون، لێزانتر بوون؟ نەبوون، دنیا زیاتری دەناسین؟ نەیدەناسین، یانی هیچکام لەوانەی تێدا نەبوو، بەڵام ئەو کات کارێکیان کرد کە ئەو کارە ماندگارە، ئەمە بنچینەیە، بنەڕەتە، ئێمە ئێستاش دەبێ وابکەین ئەوەی لە دەیەی شەست نەمانکرد هیوادارم لە ئێستادا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیکەن.

**پ: کاک عومەر بەرنامەکەمان تایبەتە بە یادی ٧٥ ساڵەی حیزب بۆیە پرسیارەکان زۆرتر لەم چوارچێوەیە، هەر لەدەیەی شەستی هەتاویدا حیزبی دێمۆکرات چ کاریگەرێکەی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و ناوچەکە دانا؟**

و:بە دڵنیاییوە بزووتنەوەی کوردستان بە حیزبی دێمۆکراتیشەوە و بە کۆمەڵەشەوە کاریگەری گەورەیان بووە،

> نێستا کە چاوی لێدەکەم دەبێ ڕەخنە لە خۆمان بگرین بۆ لە[لە دەیەی ٥٠]، کۆمەڵە و دێمۆکرات سەڕەرای جیاوازییەکانیان، نەیانتوانی پێکەوە کیانێک بۆ کورد درووست کەن، کیان مەنزوورم دەوڵەت نییە، یانی سازەیەکی کوردی، کوردستانیکی نەتەوەیی، ئەوەی ئێستا بیری لێ دەکەینەوە بۆ ئەوکات کە بزووتنەوەیەکی گەورە لە ئارادابوو، نەمانکرد؟ هەڵەی گەورەی ئێمە ئەوە بوو، من بێ تەعەسوب دەڵێم هەم کۆمەڵە هەم دێمۆکرات، هەردووکیان چوون لەناو ئێرانییەکاندا پارتنێر پەیدا کەن لە جیاتی ئەوەی بزووتنەوەی کورد وێک بخەن و بیکەن بە هێز، هەردووکمان دەمانهەویست پارتنێرمان بێ و ئێرانی پشتیوانیمان لێبکا تا ئێمە لە کوردستان بە هێزتر بین، بە کۆمەکی ئەوان کوردستان بە هێزکەین، ئەمە ئەو هەڵە مێژووییە و هەر تایبەت بە کۆمەڵە و دێمۆکرات نییە پێشتریش لە شۆڕشی ئەیلولیش بەولاوە هەر کراوە.

...بۆ ل ٩

## پێناسەی جنسییەتی ڕێگەری بەختەوەرییە

سولماز دورووەی

ئەم وێنەیە ، خانمە نیگارکێش ئێلین زلاتکوویچ ( Elin Zlatkovic) دوای سێ ڕۆژ کاری بەردەوام کێشاویەتی. وێنەکە وێنەی ئەکتەری سەرەکیی چیرۆکی پیپیی لۆنگستروومپە لە نووسینی چیرۆکنووسی بەناوبانگی سۆئێدی (Astrid Lindgren) ئاسترید لیندگرێن. پیپیی نموونەی کچێکی سەربزێو و ئازایە کە لەدەرەوەی چوارچێوە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگا هەڵسووکەوت دەکا و دەیەوێ خۆی بێ و ئەوەی بەدڵیەتی بیکا بەبێ ئەوەی کەسانی دیکە بتوانن سنووری بۆ دیاری بکەن.

ئێلین باس لەوە دەکات کە بۆ ئەوەی ئەنجامی کارەکانی تەواو بەدڵ بێ واز لە کارکردن ناهێنێ و بەردەوام ئەبێت تا دەگاتە ئەو ئاکامەی بەدڵیەتی. لە ڕێگەی ئەم وێنەیەش پەیامێک دەنێرێ بۆ هەموو کچان و ژنان کە لە ساڵی ٢٠٢٠ یش هێشتا ئێمە لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالار دەژین و ئەبێ بەردەوام بین لە کارکردن بۆ گەیشتن بە مافەکانمان.

باسی پەروەردەیەک کە کچان ئازا و بزێو باربێنێ باسێکی بەردەوامی لایەنگرانی یەکسانی و مافی ژنانە. ئەوەی کە هەوڵ بدەین کچەکانمان فێرکەین پارێزگاری لە خۆیان بکەن، ئامادە نەبێ بێمافی و زۆر قەبووڵ بکەن و پێداگرین لەسەر ئەستاندنی مافەکانیان.

سەرەڕای ئەوەی ژنان دەبێ شێلگیرترین خەباتکارانی ئەو سەنگەرە بێ و هەنگاونان و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی دنیایەکی یەکسان وەکوو ئامانجی سەرەکیی هەوڵەکانیان دابنێن بەڵام ئەوەی کە زۆرجار لەبیر دەچێ ئەوەیە کە هەوڵدان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان ئەرکی هەموو مرۆڤەکانە و تەنها ژنان یان پیاوان یان جنسەکانی دیکە بەتەنهایی ئەو ئەرکەیان لە سەرشان نییە. ئێمەی کە دەمانەوێ کچانمان ئازا و سەربزێو و سەربەخۆبن چ بیرێکمان لە باقی کۆمەڵگا کردووەتەوە؟ ئەی پەروەردەکردنی کوڕەکانی یەکسانیخواز دیوێکی دیکەی ئەو دراوە نییە؟ بۆچی بە جێگەی ئەوەی تەنها خەمی ئەوەمان بێ کچەکانمان یەکسانیخواز پەروەردە بکەین هەوڵی ئەوە نەدەین کە منداڵەکانمان بە بێ لەبەرچاوگرتنی جنسیان بە شێوەی ئینسانی گەورە کەین؟ ئایا کاری بنچینەیی ئەوە نییە کە پەروەردەی کۆمەڵگا ئینسانی بێ و تێیدا جنسییەت دیاریکەری ماف و دەسەڵات و ... نەبێ؟

لێکۆڵینەوە خەسارناسییەکانی سەر توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان نیشانیان داوە کە چەنێک کار بۆ ئەو کچانەی کە تووشی توونتوتیژی بوون کراوە ئەبێ دوو ئەوەندەش کار بۆ ئەو کوڕانە بکرێ کە توندووتیژیان نواندووە چونکە ئەو کوڕانە بەو فەرهەنگەوە گەورە کراون کە خۆیان بە خاوەنی ژنانی نزیکیان دەزانن و هاوکات پێیان وایە خاوەنی مافی هەر هەڵسووکەوتێک بەرانبەر بە ژنانی دیکەن.

هەمووومان پێکەوە دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین کە جنسییەت چیدیکە لە کۆمەڵگادا گرینگی و دەوری نەبێ، تەنها ئەوکاتەیە کە هەموومان دەتوانین خۆمان وەکوو مرۆڤێکی ئازاد پێناسە بکەین، پێشکەوین و چێژ لە ژیان وەرگرین.



## توندوتیژی لە ناو خانەوادەدا

چیمەن جەوانرووەی

دیاردەی توندوتیژی خێزانی یەکێک لەودیاردە ترسناکانەیە کە تایبەت بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو نییە و لە شکڵ و فۆرمی جیاوازدا بووەتە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەم دیاردەیە کارتێکردن و ئاسەواری خراپی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی بنەماڵەیەک لە ڕووی جەستەیی، عاتفی و دەروونی و تەنانەت پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیشەوە هەیە. ژیانی خێزانی و کۆمەڵگا دەشێوێنێ و، بەگشتی بنچینە و بنەما سەرەکییەکانی ژیانێکی ئاسایی لە گرێژنە دەبا.

توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانی بنەماڵە زۆر بەرفراوانترە، بەتایەت ژنانێک کە لە بنەماڵەدا ڕۆڵی «دایکایەتی» و بەڕێوەبەرایەتی و کاروباری بارهێنان و پەروەردەی لە ئەستۆیە، لەڕاستیدا ئەو ڕۆڵەیان بەسەردا دەسەپێنن بێ ئەوەی بۆ ئەو ڕۆڵە فێر بوبێتن و بار هاتبێتن. کەواتە سپاردنی ئەم ئەرکە بە ژنان بەو شێوەیە و چاوەڕوانیی ئەوەی کە دایک کە ژنە و خۆی لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا کۆیلەیە و لە دەرفەتی پەروەردەی شیاو و سەردەمییانە و خۆپێگەیاندن لەو بوارەدا بێبەش بووە لە خۆیدا توندوتیژییە.

توندووتیژی خێزانی تەنیا ئەو دوو کەسە ناگرێتەوە کە تووشی کێشە بوون و گرژی و ئاڵۆزیان لە نێوان دایە، بەڵکوو هەموو ئەندامانی خێزانەکە دەگرێتەوە وکاریگەری نگاتیف ونەرێنی لەسەر دەروونیان بەجێدەهێڵن.

توندوتیژی تایبەت بە ژن یان پیاو نییە و دیاردەیەکی گشتییە لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا، واتە ژنان و پیاوان هەردووکیان دەتوان هەم قوربانی و هەم تاوانباری ئەو توندوتیژییە بن. بەڵام لەبەر ئەوەی سیستمی پیاو-باوکسالار لە سەر بنەمای باڵادەستیی پیاوان داتراوە و یاسا و ڕێسا و نەریت و کولتوورەکانی ڕێگەی بە پیاوان داوە بۆ توندوتیژی و توندوتیژی دژی ژنان نۆرماڵیزەکراوە (کە ئەمە لە ئامارەکاندا بە ڕوونی دەردەکەوێ کە نزیکەی تەواوی توندوتیژییەکانی نێو خانەوادەکان لە لایەن پیاوانەوە دەکرێن) ئەم دیاردە دزێوە وەکوو دیاردەیەکی پیاوانە پێناسە دەکرێ.

پرسیارێکی گرینگ کە لە پەیوەندی لەگەڵ باسی توندوتیژی دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە ئایا لە بوون و سەرهەڵدان و مانەوەی دیاردەی توندوتیژی خێزانی لە ئاستی بەرپرسایەتیی تاکدا، هەموو ئەندامانی بنەماڵە وەک یەک دەور و کاریگەریان هەیە؟ واتە ئایا هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە کە تێیدا توندوتیژی بۆتە دیاردەیەکی باو و ڕۆژانە، وەک یەک بەرپرسن لە سەرهەڵدان و گەشە و مانەوەی ئەو دیاردەیەدا؟ لەم بارەوە پێویستە بڵێین نەخێر، بەڵکوو ئەو کەسەی کە توندوتیژی بەکاردێنێت بەرپرسی سەرکییە بەڵام هاوکات پێویستە لەبیرمان نەچێت کە ئەو کەسەی قبووڵی دەکات بەبەردەوامی لەژێر هەڕەشە و دیاردەی توندوتیژیدا بێ، لەڕاستیدا وەک بەرهەمهێنەرەوەی ئەم دیاردەیە ڕۆڵی بەرچاو دەبینێ لە سەرهەڵدان و مانەوەی دیاردەی توندتیژیدا، چوونکە قبووڵی کردووە کە ئەم دیاردەیەی بەسەردا پراکتیزە بکرێ و بەداخەوە لە پێناو بنبڕکردنیدا زۆر جار نەک هیچ هەوڵێک نادا بەڵکوو بە مافی بەرامبەرەکەی دەزانێ کە لەزۆر حاڵەتدا ئەم سازان و ملکەچ بوونە توندوتیژی خێزانی تا ئاستی دیاردەیەکی ئاسایی لە نێو بنەماڵەدا وەک دیاردەیەکی باو چەسپاندووە. لەو ڕوانگەیەوەیە کە دەڵێین خودی قوربانییەکە تاوانبارە لە سەرهەڵدان و گەشە و مانەوەی ئەم دیاردە نامرۆڤانەیەدا. دیارە ئەو قوربانییانە ـ کە زۆربەری هەرە زۆری جار ژنانن ـ لە وڵاتانی خاوەن یاسای کۆن و ئایینی و دواکەوتوودا لە کولتوورێکدا پەروەردە کراون و یاسایەک بەسەریاندا زاڵ بووە کە ئەو تێگەیشتنە و ئەو ڕوانینە چەوسێنەرانە و پڕ لە هەڵاواردن و دژە ژنە بەسەریدا زاڵە و وای کردووە مافی خۆیان نەزانن و تەنانەت ئەگەریش بیزانن یاسا و ناوەند و شوێنێک نییە کە پشتیوانییان لێبکا و داڵدەیان بدا و یارمەتییان بکا لەو دۆخە دەرباز بن. تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووشدا سەرەڕای بوونی یاسای گەلێک مرۆڤانیتر کە پشتیوانی لە قوربانیان دەکا هێشتا بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو کولتوورە زاڵە.

تایبەتمەندیەکانی توندوتیژی دژ بە ژن

١_ کاتێک پیاوێک هەڵدەستێت بە لێدانی فیزیکی و جەستەیی هاوسەرەکەی، یان بێڕێزی سووکایەتی پێ دەکات ئەوە لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە ئازاری دەدات و ئەم شێوازە لە توندوتیژیی، بە «توندوتیژی بەئەنقەست» ناودەبرێت.

٢_ ناوەڕۆکی توندوتیژی خێزانی پێش هەمووشتێک پێشێلکردنی ماف و ئازادی تاکەکەسییە، سەپاندن و سەلماندنی زۆرەملێی هەربابەتێک کە مرۆڤ لای خۆی پێی دروستە و ئەم بۆچوونەی خۆی بە زۆر بەسەر بەرامبەرەکەیدا بسەپێنێ، ئەوە دەچێتە خانەی توندوتیژییەوە.

٣_کەسێک کە توانای بەرگریکردن لە خۆی نییە و لەو کاتەدا تەنها لەبەر لاواز بوونی هێزی بەرگریکردن لەخۆ تووشی دیاردەی توندوتیژی دەبێتەوە و کەسی پەلاماردەر یان توندوتیژیکەر کە خۆی پێ کۆنترۆڵ ناکرێ و جا چ لە ڕووی جەستەیی یان دەروونی یان تەنانەت بیرکردنەوە و هزرەوە خۆی بەسەر تاکەکانی بنەماڵەدا دەسەپێنێ، ئەوە بێگوومان دەبێتە هۆی ئازاردانی بنەماڵەکەی و ئەم دیاردەیەش وەک لایەنێکی نگاتیفی کرداری دێتەئەژمار و لە خانەی توندوتیژیدا پێناسە دەکرێ.

٤_توندوتیژی خەسار و زیانی قەرەبوونەکراوەی ئابووری لەسەر بژیوی بنەماڵە و کۆمەڵگا وهەروەها ئاسەواری خراپی درێژماوەی جەستەیی و دەروونی لەسەر کەسایەتی تاک و ئەندامانی بنەماڵە بەجێدەهێڵن.



# مامۆستا، خۆی بە پلەی یەکەم بە ئینسان دەزانی، دوایە کورد و دوایە موسوڵمان

## وتووێژێک سەبارەت بە کەسایەتی و ڕۆڵی مامۆستا شێخ عیزەددین حسینی لەگەڵ کاک ئەحمەدی ئەسکەندەری

بە بۆنە ساڵیادی ڕووداوەکانی مانگی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ی هەتاوی و وەبیرهێناوەی بەرخۆدان و قارەمانییەتی جەماوەر و پێشمەرگەی کوردستان و ئەو کەسایەتییانەی ڕۆڵی بەرچاویان لە خولقاندنی ئەو ڕووداوانە بوو، بۆ ئەو ژمارەیەی دوارۆژ پێویستمانە ئاورێک بدەینەوە لە ڕۆڵ و کاریگەری مامۆستا شێخ عیزەدینی حسەینی، بۆ ئەو بابەتە داوامان لە مامۆستا ئەحمەدی ئەسکەندەری کردووە کە هەم وەک ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسیی و هەم وەک یەکێک لە هاوڕێ نیزیکەکانی مامۆستا لە وتووێژێک لەگەڵ دوارۆژ بەشدار بێت و بەخۆشحالییەوە وەک هەمیشە بە دڵێکی گەورەوە وڵامدەری پرسیارەکانمان بوو، ئەوەی لە بەرچاوی خوێنەرانی هێژای دوارۆژە بەرهەمی ئەو وتووێژەیە.

**پرسیار: سەبارەت بە مامۆستا شێخ عیزەدین، سەرەتا بەم پرسیارە دەس پێدەکەین، پێگەی مامۆستا پێش ڕووخانی ڕژیمە پاشایەتی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ لە ناو مامۆستایانی ئایینی لە کوردستان چ جێگایەکی هەبوو، کەسایەتی مامۆستا لە ناو خەڵک چۆن بوو؟ لە بواری ئایینی، ئایا مامۆستا بۆ خۆی تەریقەت یا خوێندنەوەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو؟ چ شتێک مامۆستا لە مامۆستایانی ئایینی سەدەمی خۆی جیاواز دەکاتەوە؟**

مامۆستا لەو کەسانە بوو کە لە دین و لە بیروباوەڕی ئایینی خۆیدا تایبەتمەندییەکی هەبوو ئەوی بەرجەستە دەکردەوە. لای ئەو نەک هەر تەنها دین و بیروباوەڕەکە بەڵکوو هەڵگری دین و ئایینەکەیش گرینگ بوو. ئەگەر ئایینێک نەبێتە هۆی گەشەکردنی ئینسان و پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بۆچی دەبێ گرینگی پێ بدرێت؟ ئەو پێی وابوو ئەگەر ئاکامی پابەندبوون و بەڕێوەبردنی ئایین لە کۆمەڵگادا نەبێتە باش کردنی ژیانی ئینسانەکان، ئەوە ئامانجەکەی خۆی نەپێکاوە. مامۆستا خۆی بە پلەی یەکەم بە ئینسان دەزانی، دوایە کورد و دوایە موسوڵمان. هۆکارەکەی ڕەوتی گەشەکردنیی مێژووی مرۆڤە. لە پێشدا مرۆڤ هەبووە، دوایە دابەش بوون بە کورد و فارس و عەرەب و هی تر، لە قۆناخێکی زۆر دواتردایە کە بۆ ئەم مرۆڤانە ئایینی ئیسلام هاتووە.

ئەم چەشنە بۆچوونە نیشانەی بەرفراوان بوونی ئاسۆی بیرکردنەوەی مامۆستایە کە لە سەردەمی ئەودا ئێجگار کەم مرۆڤی ئایینی هەبوون بەو جۆرە بیر بکەنەوە. ئەم ڕوانینە بۆ دونیا و بۆ ئایین وای کردبوو کە مامۆستا لە گوندەکان لایەنگری جووتیاران بوو دژ بە ستەمی ئاغاکان و دەرەبەگ، لە ناو کۆمەڵگادا دژ بە ستەم کردن بوو لە ژنان و کچان و پارێزگاری لە مافی ئەوان دەکرد، لە باری شێخایەتی و تەریقەت و ئەوانەیشەوە پێی وابوو مرۆڤ دەبێ تەنها لەبەرامبەر خودا سەر دانەوێنێت و هیچ کەسایەتییەکی تر لە هەر بنەماڵەیەکی ئایینییەوە هاتبێت، شایستەی ئەوە نییە دەستی ماچ بکەیت و داوای چاکبوونەوەی نەخۆش و شتی وای لێ بکەیت.

ئەوەندەی من زانیارییم هەیە، مامۆستا سەر بە هیچ تەریقەتێک نەبوو بەڵام دەزانم لەگەڵ کەسانی ئایینی ناودار لە کوردستان نزیکایەتی هەبوو کە ئەوان خۆیان سەر بە تەریقەتێک بوون. بۆ نموونە ڕێزی زۆری هەبوو بۆ مەلا باقر باڵک لە ناوچەی مەریوان کە سەر بە تەسەوفی نەقشبەندی و موریدی شێخ عوسمان بوو، بەڵام هاوکات لە سەفەری شێخ بۆ مەهاباد ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١) مامۆستا لە خوتبەی نوێژی جومعەدا کە شێخ عوسمانیش خۆی لە مزگەوت بوو، بانگەشەی ئەوەی کرد کە خەڵک دەبێ تەنها لە خودا بپاڕێنەوە نەک لە هیچ کەسێکی تر.

**پرسیار: ڕۆڵی مامۆستا لە کاتی ڕاپەڕینی ٥٧ چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مزگەوتەکان کە لەو کات و ساتە بیوونە پێگەیەک بۆ کۆبوونەوە و خۆ ڕێکخستنی جەماوەر کە ئیمکانێکی دەخستە دەست مامۆستا بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبێت یان خودە مامۆستا کەسایەتی و جێگە و پێگەکەی دەگەڕاوە بۆ تەنانەت پێش هەڵگیرسانی شۆڕش؟ تایبەتمەندی مامۆستا، قسە و بانگەوازەکانی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ئەوەی کوردستانی لە باقی ئێران جیا دەکردەوە لە سەردەمی ڕاپەڕین لە دژی ڕژیمی شا، ئەوە بوو کە سەرهەڵدان لە مزگەوتەکانەوە دەستی پێ نەکرد. خەڵک ڕژانە سەر خیابان و خۆپیشاندان دەکرا و دواتر کەسانێکی ئایینی وردە وردە چوونە ڕیزەکانی ناو خەڵکەوە. شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکیش تەنها مزگەوتەکان نەبوون. لێرەدایە کە مامۆستا ڕۆڵێکی بەرجەستە دەگێڕێت، بەو تایبەتمەندییانەوە کە هەیبوو، هاوکات لە سەردەمی جەوانییدا کۆماری مەهابادی دیبوو، بەردەوام لایەنگری خەباتی هەقخوازانەی خەڵکی کورد و دژ بە ستەمی میللی بوو لە کوردستان زۆر زوو دەرکەوت.

جگە لەوە مامۆستا مرۆڤێکی زۆر بوێر بوو. لە کاتی ناشتنی تەرمی تێکۆشەری دێرینی حیزبی دیموکرات عەزیز یوسفیدا لە مەهاباد کە بوو بە دەستپێکی خۆپیشاندانەکان لە کوردستان، مامۆستا لە سەر قەبران قسەی کرد و ڕێزی گرت لە ژیان و خەباتی کاک عەزیز و هەروەها ڕەوابوونی خەباتی گەلی کوردی بەرجەستە کردەوە. دواتریش و لە ساتەوەختێکی خۆپیشاندانەکانی ناو شاری مەهابادیش مامۆستا ئەو کاتە کە لەوانەبوو کێشەی ئاڵای سەوز و سوور ببێتە هۆی پێکدادان لە نێوان گەنجانی ناوشار، بوێرانە چووە پێشەوە هەر دوو ئاڵاکەی ماچ کرد و داوای کرد ئاڵا سەوزەکە ببرێتەوە ناو مزگەوت کە ئەوێ شوێنی عیبادەت و هەڵسوکەوتی ئایینییە. جارێکیش بۆ پارێزگاریی لە گەنجانی تێکۆشەری شار، کە مەترسی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران هەبوو لە کاتی هێنانە خوارەوەی پەیکەرەی شا لە مەیدانێکی مەهاباد، مامۆستا چووە پێشەوە و لەبەردەم سەربازێکدا سینگی خۆی ڕووت کرد و بەم کارەی هەم دۆخەکەی ئەهوەن کردەوە و هەم ئاستی شۆڕشگێڕیی خۆی نیشاندا و گەنجەکانیش هیچ زیانێکیان پێ نەگەیشت.

**پرسیار: پاش ڕاپەڕین مامۆستا زۆر بە خێرایی دەوری سەرەکی پەیدا کرد، هۆکارەکانی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

بەشیکی لەبەر ئەوە بوو کە هێزە سیاسییەکان هیچکامیان لەبەر هەبوونی ڕژیمێکی دیکتاتۆر نەیانتوانیبوو لەناو خەڵکدا ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دابنێن و لە ناو جەماوەردا ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و ئەوانی تر زۆر دیار نەبوون. مەبەستم زۆرینەی خەڵکە نەک ئەوانەی کە ئاگاداری چالاکی سیاسی و کاری نهێنی بوون لە کوردستان. لەولایشەوە هەر وەکوو لە وەڵامێکی پێشووتردا ئامازەم پێ دا، مامۆستا لە چەندین بۆنەدا بەرجەستەبوونی پێگەی خۆی نیشان دابوو و بوێرانە ڕۆڵی گوتەبێژی شۆڕشی پەیداکردبوو.

ئەمە دیارە پێش زەمینەی سیاسیشی هەبوو. مامۆستا کاتی خۆی ببوە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک، لە ڕێوڕەسمیی هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستان لە بۆکان بەشداری کردبوو، دواتر بووە ئەندامی حیزبی دیموکرات، لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕێبەرانی ئەم حیزبە پەیوەندیی نزیکی هەبوو. هەروەها لە نزیکەوە ئاگاداری بزووتنەوەی چەکداری ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ بوو، ماڵەکەی بەردەوام مەکۆی دانیشتن و کۆبوونەوەی تێکۆشەران و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستان. بەشێکی زۆری ڕێبەرانی دواتری حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە دۆستایەتییان هەبوو لەگەڵ مامۆستا.

هۆکارێکی تر ئەوە بوو کە دەتوانین مامۆستا لە ڕیزی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کوردستان دابنێین. لەگەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی ئایینی بوو، لە هەموو بوارەکاندا خەریکی خوێندنەوە بوو و بە قووڵایی دەچووە ناو باسەکانەوە نەک هەر سەبارەت بە دەقە ئایینی و فەلسەفییەکان بەڵکوو سەبارەت بە پرسە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیشەوە. هەموو چەشنە کتێبێکی دەخوێندەوە و بەدواداچوونی دەکرد بۆ ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان. ئاگاداری ڕەوتی ڕووداوەکان و هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکان بوو و هەر بۆیە لە کاتی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕۆژنامەوانان و چالاکنی سیاسی و ڕادیو و ئەوانەدا بە ڕوونی لە چوارچێوەی پرسیارەکان و لێکدانەوەکان دەگەیشت.





**پرسیار: یەکێک لە باسە گرینگەکان کە پاش ٤١ ساڵ هەر نوێ دەبێتەوە، بڕیارنامەی هەشت مادەیی مەهابادە و بە تایبەت مادەی هەشت کە ئامازە بە قیادەی مەوەقەت دەکا. ڕۆڵی مامۆستا لە داڕشتن و پەسەند کردنی ئەم بڕیارنامەیە چ بوو سەبارەت بەو مادەیە چۆنی بیر دەکردەوە؟**

سەرەتا ئەوە بڵێم کە مامۆستا لەو کۆبوونەوەدا — ڕێک هەر وەکوو باقی بەشداران لە گەڵاڵەکردنی ئەو بڕیارنامەیەدا — بۆ هەموو خاڵەکان لەگەڵ ئەوان هاوڕا بوو و بۆ خۆی بەتایبەتی هیچکام لە خاڵەکانی پێشنیار نەکرد. خۆی گوتەنی، «ئەگەر ئەو خاڵانە چاک بن هی هەموومانە و ئەگەر خاڵی خراپیشی تێدا بێت هەر هی هەموومانە و پێکەوە کارەکە کراوە.»

کۆبوونەوە و هەڵبژاردنی دەستەی بڕیاردەر و دواتر نووسین و پێشکەش کردنی بڕیارنامەی هەشت خاڵی مەهاباد یەک لەو شتانەیە کە دواتر مشت و مڕی زۆری لێ کەوتەوە. کەسانێک دوای پەسەندکردن و ڕادەستکردنی ئەو هەشت خاڵە بە نوێنەرانی دەوڵەتی تازە دامەزراوی ئێران کەوتنە لێکدانەوە و باسکردنی خاڵەکان و چۆنییەتی دانیشتنەکان کە بەداخەوە کەمتر گێڕانەوەی ڕاستی ڕووداوەکە و زیاتر هەڵسەنگاندن و هەڵوێست گرتنی دواتر بوو بەرامبەر بەو بڕیارنامەیە. مامۆستا ئەو کات سەرۆکی شۆرای شاری مەهاباد بوو، هەیئەتی دەوڵەت کە گەیشتە شاری مەهاباد یەکڕاست چوون بۆ ماڵی ئەوان و دواتر

...بۆ ل ١٣

# تاران پایته‌ختی سێداره
## (به‌ شی دووهه‌م)

عــزیز ئاجیکه‌ند

له‌ به‌شی یه‌که‌مدا ئاماژه‌مان به‌وه‌دا که‌ له‌یه‌که‌م رۆژه‌کانی دوای رووخانی رژێمی پاشایه‌تی له‌ ئێران، بێدادگا ئیسلامیه‌کان یه‌که‌مین کۆبوونه‌وه‌کانی خۆیان بۆ به‌ره‌نگار بوونه‌وه‌ له‌ گه‌ڵ نه‌یارانیان له‌ تاران رێکده‌خه‌ن. ئه‌نجامی ئه‌و کۆبوونه‌واته‌ش بوونه‌ هۆی وه‌کارکه‌وتنی تیغی تۆڵه‌ سه‌ندنه‌وه‌ی جه‌لاده‌ به‌ ده‌سه‌ڵات گه‌یشتووه‌کان به‌ ئامانجی داسپاندنی که‌ش و هه‌وای ترس و ده‌سه‌ڵاتی وه‌حشه‌ت له‌ سه‌رجه‌م کۆمه‌ڵگادا و پته‌وکردنی بناغه‌کانی رژێمێکی توقێنه‌ر که‌ خه‌ریکی بنیاتنانی بوون. وتمان که‌ یه‌که‌مین ئێعدامه‌کان له‌ ٢٦ی مانگی رێبه‌ندانی ساڵی ١٣٥٧ ده‌سپێده‌که‌ن. خومه‌ینی راسته‌خۆ فه‌رمانی کوشتاری ده‌رده‌کاتوو سادق خه‌ڵخاڵی وه‌ک یه‌که‌م قازی شه‌رعی رژێمی ئیسلامی، بۆ به‌رێوه‌بردنی ئه‌م فه‌رمانه‌ ده‌که‌وێته‌ خۆ. به‌زوویی و به‌تایبه‌تی کاتێک که‌ خه‌ڵخاڵی جه‌لاد له‌ درێژه‌ی مه‌ئموریه‌ته‌که‌یدا روو له‌کوردوستان ده‌کات ، ئێتر نه‌ به‌رێوه‌بردنی دادپه‌روه‌ری ده‌رحه‌ق به‌ نه‌یارانی شۆرش و که‌سانی سه‌ربه‌ رژێمی پێشوو (که‌ بۆ ئه‌وانیش به‌و شێوه‌ و کوستار به‌ کۆمه‌ڵ و به‌ بێ دادگایی دروست نه‌بو)، به‌ڵکوو خومه‌ینی ده‌یهه‌ویست خه‌ڵکێک که‌ پێشبینی ده‌کرد گوێ به‌فه‌رمانه‌کانی ناده‌ن و ده‌بنه‌ کۆسپی سه‌ر رێگای سه‌قامگیریی رژێمه‌ ئیسلامیه‌که‌ی، چاوترسێن بکات. وه‌ بۆ چاوترسێنکردنی خه‌ڵکیش هه‌م هه‌موو ئامرازه‌کانی ده‌سه‌ڵاتی هه‌م جه‌لادانێکی قین له‌ دڵی له‌ چه‌شنی خه‌ڵخاڵی جه‌ڵادی له‌به‌رده‌ستدا بوو.

باسی تیغی تۆڵه‌و به‌رێوه‌بردنی پیلانی «خۆمه‌ینی»مان بۆ له‌ناو بردنی نه‌یارانی خۆی هه‌تا سه‌ره‌تای ده‌سپیکردنی شه‌پۆلی به‌رینی ئێعدامی زیندانیانی سیاسی له‌ ساڵی ١٣٦٧دا کرد. ئێستاش ئاماژه‌ به‌ درێژه‌ی پیلانه‌که‌ی خۆمه‌ینی جه‌لاد و ده‌سلاتدارانی تری کۆماری ئیسلامی هه‌ر له‌و په‌یوه‌ندییه‌دا بکه‌ین.

داسی مه‌رگی کۆماری ئیسلامی له‌ زیندانه‌کاندا، بۆ هیچکات له‌وه‌ستان نه‌که‌وتو بگره‌ چالاک تریش بووه‌، له‌سه‌ر هه‌موو توێژه‌ جۆراوجۆره‌کانی ناو کۆمه‌ل تاقی کرابۆوه‌ . ره‌حمی به‌ ژن و منداڵ و پیرو لاو نه‌ده‌کرت، به‌ساتی سێداره‌ له‌ زۆربه‌ی شاره‌کان هه‌ڵکرابوو. ئه‌وان سزای ئێعدامیان وه‌ک توندوتیژیه‌کی به‌ئانقه‌ست و رێکخراو، بۆ له‌ناوبردنی نه‌یارانی سیاسی و نارازیانی کۆمه‌ڵایه‌تی له‌ خزمه‌ت خولقاندنی که‌ش وهه‌وای ترس و نیگه‌رانی و بێده‌نگی و مل که‌چ کردن، له‌ کۆمه‌ڵگادا به‌کار ده‌هێنا . به‌م جۆره‌ سزای ئێعدام بوو به‌ یه‌کێک له‌ پایه‌گرنگه‌کانی ده‌سه‌ڵاتی رژێمی کۆماری ئیسلامی به‌ ئامانجی چاوترسێن کردنی خه‌ڵک و نه‌یارانیان.

مانگی گه‌لاوێژی ئه‌مساڵ، ٣٢مین ساڵی به‌رێوه‌چوونی فه‌رمانی خومه‌ینی بۆ کوشتنی به‌کۆمه‌ڵی به‌ندکراوانی سیاسییه‌ له‌ ئێرانه‌. کوشتاری به‌کۆمه‌ڵی به‌ندکراوانی سیاسی له‌ یه‌که‌مین رۆژه‌کانی مانگی گه‌لاوێژی ساڵی ١٣٦٧ وه‌ ده‌ستپێده‌کات و له‌ ماوه‌ی مانگه‌کانی گه‌لاوێژ و خه‌رمانانندا به‌و په‌ری خۆی ده‌گا .

دوای نۆشینی جامی ژه‌هر له‌ لایه‌ن خۆمه‌ینیه‌وه‌ و کۆتایی هاتن به‌ شه‌ری ماڵوێرانکه‌ری نێوان ئێران و عێراق، له‌ پلان و به‌رنامه‌ێکی دارێژراو و بۆ پێشگرتن به‌ هه‌ستانی شه‌پۆڵی ناره‌زایه‌تی خه‌ڵک که‌ سه‌رانی رژێم پاش جامی ژه‌هر لێی ده‌ترسان، هه‌زاران ئازادیخۆاز و تێکۆشه‌ر به‌ بیروباوه‌ری جیاوه‌ که‌ ده‌سبه‌سه‌رو راپێچی زیندانه‌کانی کۆماری ئیسلامی کرا بون و زۆره‌به‌ی هه‌ره‌ زۆریان حوکمی خۆیان کێشابون و ده‌بو ئازاد بکرێن، کوشتاری به‌ کۆمه‌ڵه‌یان ده‌سپێده‌که‌ن و ئه‌م کوشتاره‌ش له‌ ١١٠ شاری ئێران به‌ کرده‌وه‌ ده‌رهات .

له‌و ماوه‌یه‌دا ته‌واوی به‌ندیخانه‌کانی کۆماری ئیسلامی پر بوون له‌ زیندانی سیاسی. له‌ ناکاو زیندانییه‌کان خرانه‌ حاله‌تی قه‌ره‌نتینه‌، هه‌موو چاوپێکه‌تنه‌کانی زیندانیان و خانه‌واده‌کانیان راگیران. رادیۆو تلفزیۆنه‌کان له‌ به‌نده‌کان ده‌رهاتن. پاسه‌وانانی ناو زیندانه‌کان گۆران و پاسداری حیزب الوڵاهی توند وبارهاتوه‌ بۆ جه‌نایت جێگایان گرتنه‌وه‌. پاسداران جلی قه‌سابی له‌ به‌ر و چه‌کمه‌یان له‌پێ کردوبو و دروشمیان ده‌دا (خومینی ئازیزم بلّێ با خوێن برێژم).

زێندانییه‌کان چوار چوارو له‌ گروپی شه‌ش که‌سیدا به‌ره‌و لای په‌تی سێداره‌ که‌ له‌ پێش سالۆنی کۆبونه‌وه‌کاندا هه‌ڵاوه‌سرابوون، ره‌وانه‌ ده‌کران و له‌ چه‌ن چرکه‌دا هه‌موو شتێک کۆتایی پێده‌هات....

### ژنان و کچانی ئێعدام کراو

زۆربه‌ی رێکخراوه‌کانی مافی مرۆڤ له‌ په‌یوه‌ند له‌گه‌ڵ کوشتاری زیندانیانی سیاسی له‌ ده‌ییه‌ی شه‌ستی هه‌تاویدا، باس له‌ ژماره‌یه‌کی سه‌رسور هێنه‌رده‌که‌ن که‌ زۆر جار ژماره‌ی راستی کوشتاره‌کان نه‌زانراوه‌ به‌ڵام باس له‌ ١٢٠ هه‌زار که‌س ده‌کرێ که‌ یان له‌ سێداره‌ دراون و یان تیرباران. له‌م رێژه‌یه‌ ناوو ژیانی ٢٠ هه‌زار که‌س زانراوه‌ و وێنه‌و ژیان نامه‌یان له‌ به‌ر ده‌س دایه‌ و له‌ سایته‌ جۆراو جۆره‌کانی سه‌ر به‌لایه‌نه‌ سیاسییه‌کان به‌رچاو ده‌که‌ون.

له‌ناو سه‌رجه‌می قوربانیادا ناوو وێنه‌ی پێنج هه‌زار که‌س له‌ ژنان و کچان به‌رچاو ده‌که‌وێ که‌ پێش ئێعدام کردنیان به‌ سه‌خترین ئه‌شکه‌نجه‌کان و دستدرێژی جنسی ئازار دراون و پاشان خراونه‌ته‌ پای جوغه‌ی ئێعدام.

### به‌ پێی سه‌رژمێریه‌کان :

٦٨١ ژن ته‌نیا له‌ ژێر ئه‌شکه‌نجه‌دا گیانیان له‌ده‌س داوه‌ و٥٣ ژنیان دوگیان بوو. ٧٨٩ کچی ته‌مه‌ن ١١ بۆ ١٨ ساڵان بوون که‌ زۆربه‌یان پێش کوشتاریان دستدرێژی جنسیان کراوه‌ته‌ سه‌ر. ٢٣٠ که‌سیان خوێندواریان له‌ئاستێکی به‌رز هه‌بووه‌. ٧٣٤ که‌سیان لیسانسیان ٤٠١٠ که‌س خاوه‌نی دیپلۆم بوون. ٣٨١ ژن کارمه‌ندو ٧٣ که‌سیان هونه‌رمه‌ند.

پێویسته‌ بوترێ که‌ ژنان و کچانێکیش بوون که‌ له‌ شه‌قامه‌کان و کۆڵانه‌کان به‌ده‌ستی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراون.

ناوو وێنه‌ی ٦٤ تازه‌لاوی که‌متر له‌ ١٨ ساڵانیش به‌رچاو ده‌که‌ون که‌ زۆر درندانه‌ تیره‌باران کراون. له‌ نێو ئه‌و ژماره‌یه‌ له‌ تازه‌لاوان دوو ١١ ساڵه‌ و سێ تازه‌لاوی ١٢ ساڵه‌ به‌رچاو ده‌که‌وێ. هه‌روه‌ها ٨ تازه‌لاوی ١٣ ساڵه‌ و ١٩ تازه‌لاوی ١٤ ساڵه‌ لي نێو تیربارانکراوه‌کاندا هه‌ن. ٣٢ که‌س له‌ ئێعدامکراوه‌کانیش ته‌مه‌نیان له‌ نیوان ١٥ و ١٦ و ١٧ ساڵان دابوه‌...

### ژنانی کـــــورد

له‌دوای روخانی رژێمی پاشایه‌تی و هاتنه‌سه‌رکاری رژیمی دژه‌ ژنی کۆماری ئیسلامی، ژنانی



کوردستان له‌ ئاستێکی زۆر به‌رین و بێ وێنه‌ هاتنه‌ مه‌یدانی خه‌باتی سیاسی و جه‌ماوه‌ری و له‌هه‌موو مه‌یدانه‌کانی خه‌باتدا به‌شدارو چالاک بوون. بێگومان کۆمه‌ڵه‌ وه‌ک هێزێکی نوێ و چه‌پ و سوسیالیستی له‌ کوردستان بو به‌ هێزی بزوێنه‌رو هاندان و پشتیوانی ژنان له‌ کوردستان. هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سه‌ر کوردوستان له‌ ٢٨ی گه‌لاوێژی سالی ١٣٥٨دا، ئه‌گه‌ر هێرشێک بوو بۆ ئه‌ستاندنه‌وه‌ی ده‌سکه‌وته‌کانی شۆرش له‌ کوردوستان له‌ ناو جه‌رگه‌ی بزووتنه‌وه‌ێکی ئازادیخوازی نه‌ته‌وه‌یی و شۆرشگێرانه‌ی کوردوستاندا، له‌ راستیشدا هێرشێکیش بوو بۆ سه‌ر ژنانیش. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ژنان شان به‌شانی پیاوان هاتبوونه‌ مه‌یدانی خه‌بات به‌ دژی رژێمی تازه‌ به‌ده‌سه‌ڵات گه‌یشتوو. هاتنه‌ مه‌یدانی ژنان و هاوشان له‌گه‌ڵ جه‌ماوه‌ری کوردوستان بۆ رژێم ته‌حه‌موول نه‌ده‌کراو. ژنان له‌ کوردوستان راپیچی زیندان ده‌کران و ده‌خرانه‌ به‌ر توندوتیژترین ئه‌شکه‌نجه‌کان و حوکمی ئێعدامیان به‌سه‌ردا ده‌سه‌پا. به‌ پێی ئه‌و راپۆرتانه‌ی له‌ په‌یوه‌ند له‌گه‌ڵ ژنان کوردی له‌ سێداره‌ دراو بڵاو بۆته‌وه‌ ده‌ری ده‌خه‌ن که‌ له‌ سه‌دا نه‌وه‌دوو نۆ ته‌مه‌نی ژنانی کوردی له‌ سێداره‌دراوله‌ نێوان ١٨ تا ٢٥ ساڵاندا بووه‌.

به‌ پێی سه‌رجه‌می ئه‌و توژینه‌وانه‌ی که‌ له‌ په‌یوه‌ند له‌ گه‌ڵ ژنانی کوردا کراوه‌،
ده‌ری ده‌خه‌ن که‌ :

٦١ ژنی کورد له‌ نێوان ساڵه‌کانی ١٣٥٨ تا ١٣٦٧ به‌ تاوانی چالاکی سیاسی ئێعدام کراون. ئه‌م ژنانه‌ له‌ کاتێکدا ئێعدام کراون که‌ ١٧ له‌سه‌دیان ژێر ١٨ ساڵ، ٥١ له‌ سه‌دیان له‌ نێوان ساڵه‌کانی ١٨ تا ٢٥ ساڵان، ٢٥ له‌سه‌دیان له‌ نێوان ٢٦ تا ٣٠ ساڵان دابووه‌ که‌ رێکه‌تی له‌ سێداره‌دراوی ٢٨ له‌ سه‌دیان له‌ نیوان ساڵه‌کانی ١٣٦٠ تا ١٣٦٢ دا بووه‌. ٢٢ له‌سه‌ده‌که‌ی تریشیان له‌ نێوان ساله‌کانی ١٣٦٣ تا ١٣٦٧دا بووه‌.

له‌ نێوان شاره‌کانی مه‌هاباد، ره‌زایه‌، ته‌ورێز، تاران، سه‌قز، شیراز، قه‌زوین، کامیاران و مه‌شهه‌د، زۆربه‌ی ئێعدامکراوه‌کان له‌ شاری سنه‌دا رویان داوه‌. ژنانی شاری سه‌قز زۆرترین قوربانیانی ئه‌م شه‌پۆله‌ له‌ ئێعدامکراوه‌کان له‌ خۆیان ده‌گرن که‌ ٥٦ له‌ سه‌دیان تا ده‌ورانی ده‌بیره‌ستان ده‌رسیان خوێندبوو.

ئاخرین راپۆرته‌کان ده‌ری ده‌خه‌ن که‌ له‌ گه‌ڵ هاتنی خه‌ڵخاڵی بۆ کوردوستان و ده‌سپێکردنی سه‌ره‌تاییترین ئێعدامییه‌کان له‌ کوردوستان له‌ ساڵی ١٣٥٨ تا ساڵی ١٣٧٠ ( ٨٣٢ ) بوون که‌ هه‌موییان تیره‌باران کراون .

له‌ ساڵی ١٣٦٠دا ( ١٦٣ ) که‌س و له‌ سالی ١٣٦٢ ( ١٦٠ ) که‌سی تریش ئێعدام کراوه‌ که‌ هه‌مویان تایبه‌ت به‌ ژنان و پیاوانی کوردن.

### له‌ سێداره‌دان و زیندانی کردنی دایکانی زیندانی سیاسی

ژماره‌یه‌کی یه‌کجار زۆر له‌ دایکانی زیندانیانی سیاسی که‌ ته‌مه‌نیان له‌ سه‌روی ٥٠ ساڵه‌وه‌ بوو، به‌ ده‌ستی جه‌لادانی کۆماری ئیسلامی یان تیره‌باران کراون یان له‌ سێداره‌ دراون یان خۆ بۆ درێژ ماوه‌ له‌ سیاچاڵه‌کانی کۆماری ئیسلامیدا ماونه‌ته‌وه‌ .

### ژماره‌ی ئێعدامه‌کان

به‌ شیکی هه‌ره‌ زۆری ئاماره‌کان باس له‌ ٣٠ هه‌زار که‌س ده‌که‌ن که‌ له‌ سالی ١٣٦٧ دا به‌ فرمانی خۆمه‌ینی له‌سێداره‌ دراون. ده‌سپێکی ئه‌م شه‌پۆله‌ له‌کوشتاره‌ به‌ کۆمه‌ڵه‌کان له‌ سه‌ره‌تاوه‌ له‌ زیندانه‌کانی ئه‌وین و گه‌وهه‌رده‌شتن و پاشان له‌ ده‌رفه‌تێکی زۆر که‌مدا ده‌گوازرێنه‌وه‌ بۆ زیندانه‌کانی تریش که‌ له‌ سه‌ره‌وه‌ ئاماژه‌مان پێدا.

مونته‌زری له‌ کتێبی بیره‌وه‌ریه‌کانیدا به‌ پشت به‌ستن به‌و راپۆرتانه‌ی که‌ به‌ ده‌ستی گه‌یشتبوون، ژماره‌ی کوژراوه‌کان ٢٨٠٠ تا ٣٨٠٠ که‌س باس کردوه‌ و له‌لایه‌کی تریشه‌وه‌ له‌سه‌ر بنه‌مای هێندێک له‌ راپۆرته‌کان کوژراوه‌کان له‌ نێوان ٥ تا ٦ هه‌زار ئینسانی تێکۆشه‌ر دایه‌ که‌ له‌م جه‌نایه‌ته‌ سامناکه‌دا گیانیان له‌ پێناو خۆراگری و له‌سه‌ر بیر و بۆچوونه‌کانیان له‌ده‌ستداوه‌ .

رێکخراوی دیده‌بانی مافی مرۆڤ، له‌ ساڵێ ١٣٨٤ له‌ راپۆرتێکدا له‌ژێر ناوی «وه‌زیرانی مه‌رگ»، ده‌وری راسته‌وخۆی مسته‌فا پورمحه‌ممه‌دی که‌ له‌ لایه‌ن حه‌سه‌ن روحانیه‌وه‌ وه‌ک وه‌زیری دادگوسته‌ری دیاریکرابوو له‌ جه‌ریانی ئێعدامی به‌ هه‌زاران که‌س له‌ زیندانیانی سیاسیدا به‌ڵگه‌مه‌ند کردوه‌. له‌ هاوینی ساڵی ١٣٦٧، موسته‌فا پورمحه‌ممه‌دی، جێگری وه‌زیری ئیتلاعات ئه‌ندامی هه‌یئه‌تێک بوو که‌ به‌ هه‌زاران زیندانی سیاسی دوای بازجویی دو سێ خوله‌کی به‌ره‌و جوخه‌کانی مه‌رگ ره‌وانه‌ کرد. ئه‌حکامی مه‌رگی زیندانیانیه‌کان له‌ حاڵێکدا ده‌رده‌کرا که‌ دادگاکانی «شۆرش» پێشتر ژماره‌یه‌کی زۆر له‌م که‌سانه‌یان محاکه‌مه‌ به‌ زیندان مه‌حکوم کردبوو وه‌ ده‌وره‌ی زیندانیان تێپه‌ر کردبوو. ئیبراهیم ره‌ئیسی سه‌رۆکی قوه‌ی قه‌زاییه‌ ئیستای رژیم له‌ پۆستی دادستانیی که‌ره‌ج و هه‌مه‌دان دا یه‌کێکی تر له‌ به‌رێوه‌به‌رانی سه‌ره‌کی ئێعدامه‌کانی هاوینی ٦٧ بووه‌. عه‌لی ره‌بیعی وته‌بێژی ئیستای ده‌وڵه‌تی روحانیش له‌ فه‌رمانده‌کانی یه‌گانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران له‌ ده‌یه‌ی ٦٠ و له‌ عاملینی کوشتاری زیندانیانی سیاسی له‌ ساڵی ١٣٦٧ دا به‌ ئه‌ژمار دێت.

کۆتایی به‌شی دووهه‌م

Dwaroj@komala.com

DwaRoj

سەرنووسەر:
ڕەزا کەعبی
بەڕێوەبەری نووسین و دیزاین:
مۆهن بابەزێڕپوور
ئێدیت و پێداچوونەوە:
محەممەد قەرەدازادە

Dwaroj@komala.com

بۆ خوێندنەوەی دوارۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj@komala.com

# ئێران و عێراق
# ٩٩ ساڵ دراوسێییەتی و دوژمنایەتی

ئەکرەمی میهرداد

بێگومان ئێران سەدان ساڵ زیاتر پێش عیراق دەوڵەت و تەنانەت هەندێکجار ئیمپراتۆریای ناوچەیی و جیهانیش بووە. بەڵام عیراق ٩٩ ساڵە بۆتە (یان کراوەتە) دەوڵەتی سەربەخۆ، واتە لە ساڵی ١٩٢١بەریتانیای مەزنی ئەو سەردەمە لە سێ ویلایەتی بەغداد و موسڵ و بەسرە دەوڵەتێکیان دروستکرد بەناوی عیراق و هەر خۆشیان پاراستیان و دامودوزگا و لەشکر و سەروەرییان بۆ دروستکرد. ساڵانی ١٩٢١_١٩٥٨ پەیوەندی نێوان ئێران و عیراق پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری بووە، چونکە هەردووکیان بەشێک بوون لە هەژموونی بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی لە خۆرهەڵاتی ناوین. لەو سەردەمەدا ئەم دوو دەوڵەتە بە چاودێری و لەژێر هەژموون و بەرژەوەندی بەریتانیا چەند جار پەیمان و ڕێکەوتنی ناوچەییان کردووە و بەردەوام بەرژەوەندی و هەژموونی یەکیان پاراستووە. پەیمانی سەعد ئابادی (١٩٣٧) نێوان (تورکیا، عیراق، ئێران، ئەفغانستان) و بە چاودێری و هەژموونی بەریتانیا یەکەمین پەیمانی ناوچەیی و درێژکراوەی هەژموونی بەریتانیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پاشان پەیمانی بەغدادی ساڵی (١٩٥٥) لەنێوان (تورکیا، عیراق، ئێران، ئەفغانستان و پاکستان) بە چاودێری بەریتانیا و ئەمریکا دژی سۆڤیەت و لەپێناوی ڕیزبەندی ناوچەیی دەوڵەتانی هاوپەیمانی بەریتانیا بوو. بێگومان هەردوو پەیمانی سەعدئاباد و بەغداد بۆ ئێران و عیراق و تورکیا بەندێکی تایبەتی تێدابوو بۆ دژایەتی و سەرکوتی بزاڤی کوردایەتی لەو دەوڵەتانەدا. لەدوای کودەتای ساڵی ١٩٥٨ی عیراق و دەرچوونی عیراق لە سنووری هەژموونی بەریتانیا یەکەمین کاری ئەوە بوو کە پێشنیازی سۆڤیەت لە پەیمانی بەغداد بچێتە دەرەوە و بەمەش لەباری عەمەلیەوە ئەو پەیمانە هەڵوەشایەوە و ئیدی دژایەتی و دوژمنایەتی نێوان عیراق و ئێران دەستیپێکرد، یان چووە قۆناغێکی دیکەوە. بەریتانیا و ئەمریکا بۆ دژایەتی سەرهەڵدانی هەژموونی سۆڤیەت لەم ناوچەیەدا پەیمانی بەغدادیان گۆڕی بە پەیمانی سەنتۆ (پەیمانی ڕێکەوتنی ناوەندی) وەکو بەشێک لە پەیمانی ناتۆ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان (تورکیا، عیراق، ئێران، ئەفغانستان و پاکستان). لەدوای سەرهەڵدانی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران، یەکەمین کاری هاتنەدەرەوە بوو لە پەیمانی سەنتۆ و دەرچوونی ئێران بوو لە هەژموونی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی. کە سۆڤیەتیش هەر لەو ساڵەدا ئەفغانستانیان داگیرکرد و دەسەڵاتێکی کۆمۆنیستی پاشکۆی خۆیان لەوێ دانا، بێگومان ئەوانیش لە پەیمانی سەنتۆ چوونەدەرەوە و بەم شێوەیە ئەم پەیمانە هەڵئەوەشێتەوە و ئەم ناوچەیە لە تورکیاوە بە عیراق و ئێرانەوە هەتا پاکستان دەبێتە ناوچەیەکی پڕ لە پشێوی و ئاژاوە و جەنگ و زۆرانبازی و ململانێ. گەورەترین و کارەساتترین ڕووداوی ئەم ناوچەیە جەنگی یەکەم و دووەمی کەنداو بووە، یەکەمیان لەنێوان عیراق و ئێران و دووەمیان لەنێوان عیراق و کوێت و وڵاتانی کەنداو. ئەمەش وێڕای سەرهەڵدان یان (سازدان و دروستکردنی) بزاڤە ئیسلامییە توندڕەوە چەکدارەکان لەلایەن هەموو هێز و بکەرە جیهانی و ناوچەییەکانەوە. جەنگی بەهێز و توندوتیژی نێوان ئێران و عیراق لە ساڵانی ١٩٨٠ _١٩٨٨ یەکێکە لە بەهێزترین بەڵگە مێژووییەکانی دژایەتی و دوژمنایەتی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، کە زۆربەی هێزە جیهانی و ناوچەییەکان هەتا توانیان ئاگر و وێرانکاری ئەو جەنگەیان بەهێز و بەهێزتر دەکرد. ساڵانی ١٩٩١ هەتا ٢٠٠٣، کە عیراق لەدوای شکستی لە جەنگی دووەمی کەنداو لەشوێنی خۆی دیل و دەستبەسەر کرابوو لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی جیهان و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، ساڵانی زێڕین بوون بۆ گەشە و خۆدروستکردنی سەربازی و ئابووری و سیاسی ئێران و بەشی زۆری ئۆپۆزسیۆنی شیعە و کوردیش هەر لەو وڵاتە بوون و لەوێوە هاوکاری و یارمەتیان ئەدرا. هەرچەندە کورد لەساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ هەرێمی کوردستانی تا ڕادەیەک سەربەخۆی لە عیراق هەبوو، بەڵام بە زۆر بەرژەوەندی و پەیمان و ناچارییەوە لەگەڵ تورکیا و ئێران هاوکار و هاوبەرژەوەندی بوو. لەدوای داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە لەساڵی ٢٠٠٣ و ڕوخاندنی دەسەڵاتی بەعس و سەدام، ئیدی عیراق ئەبێتە گۆڕەپانی ئازادی ئێران و هەم لە ڕێگای شیعەکان و هەم لەڕێگای کوردەوە سوودمەندی یەکەم عیراقی دوای ٢٠٠٣ ئێران ئەبێت و زۆرینەی حزبە شیعەیەکان سەرچاوەی بوون و پابەندییان هەتا ئێستاش هەر لە ئێرانەوە بووە، لەدوای شەڕی ناوخۆی ڕانەگەیەندراوی نێوان شیعە و سوننە یان ئەوەی کە بە جەنگی ناسنامە ناسراوە لەدوای ساڵی ٢٠٠٨ و شەلاڵ و خەڵتانکردنی سوننەی عیراق و کوشتنی زۆرترین ژمارەیان، بێگومان دیسان سوودمەندی یەکەم ئێران و ئەو هێزە شیعانەیە کە هاوپەیمان و پاشکۆی ئێرانن و سەرهەڵدانی داعش و درندەیی و وێرانکارییەکانیشی و لەناوبردنیشی هەر لە بەرژەوەندی شیعەی عیراق و دەوڵەتی ئێران بووە، لەدوای پاشەکشەی ئەمریکا لە عیراق لە ساڵی ٢٠١١ بێگومان ئێران ئەبێتە هێزی یەکەم و بڕیاردەر لە عیراق و هەموو کاروبارەکانی عیراق ئەکەوێتە دەستی ئەو و بەرژەوندی هێز و هەژموونی ئێرانی لە عیراق بەردەوام ئەبێ هەتا ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩، کە سەرەتای وەرچەرخان و گۆڕینی هێزەکانی هەژموون و بەرژەوەندییە لە عیراق، ڕێکەوتنی ئێران و عیراق و چین لەسەردەمی دەسەڵاتی (عادل عبدالمهدی) و هەوڵدانی چین بۆ زیاتر پێکەوە بەستنی ئێران و عیراق لەژێر چاودێری و هەژموونی زلهێزێکی وەکو چین، بووە زەنگی مەترسی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، کە ئەویش ئەوەی نابێت عیراق ببێتە یان بکرێتە ناوچەیەکی بەرژەوەندی و هەژموونی چینی، بێگومان بە پشتیوانی و بۆ بەهێزبوونی زیاتری ئێرانی، هەموو ئەو ڕووداو و ڕاپەڕین و بەناو شۆڕشانەی کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩ هەتا ئێستا هەن و بەردەوامن و هەرچارەی یەکێک لە لایەنە شیعەکان یان بەشێک لە شەقامی عەرەبی و شیعی عیراق سەرکردایەتی و نوێنەرایەتی دەکرد، دەرکەوت هیچیان ڕاستەقینە و هێزی بڕیاردەر نەبوون، لەڕاستیدا هێزی بڕیاردەر لەم ڕووداوانەدا تەنیا ئەمریکا و مەرجەعیەتی شیعە و بەهاوکاری دەوڵەتانی کەنداو بووە، مەرجەعیەتی شیعە و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان ئێستا توانیویانە ئەم کارانە بکەن لەدژی هەژموونی ئێرانی لە عیراق و داروودەستەکانی ئێران:

١. بەشی هەرە زۆری شەقامی عیراقیان بە سوننە و شیعەوە کردۆتە لایەنگری خۆیان و نەیاری حزبە شیعیە دەسەڵاتدارەکانی ساڵانی ٢٠٠٣_ ٢٠٢٠.

٢. بێهێزکردن و بێ نەخش کردنی هەموو حزبە شیعیە نەریتەکان و کەنار گرتنیان.

٣. دابەشکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ زۆرینەی سەر بەر مەرجەعیەت و کەمینەی موالی بۆ ئێران و تەنان لەدوای کوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبومەهدی موهەندیس ئەو کەمینە موالیانەی حەشدی شەعبی نەک تەنیا بێهێزکردنیان، بەڵکو پەراوێزکردت و نایاسایی و تاوانبارکردنیان.

٤. هەمو ئەو کاندیدانەی کە پەسەندی حوبە شیعیەکان بوون، بەڵام پەسەندی مەرجەعیەت و ئەمریکا و شەقامی عیراقی نەبووت و شکستیان هێنا و سەرئەنجام کاندیدێک بووە یان (کرایە!) سەرۆک وەزیران کە گڵۆپی سەوزی ئەمریکا و شەقام و مەرجەعیەتی شیعەی بۆ هەڵکرا.

ئەوەتەی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ کراوەتە دەوڵەت و لە سنووری هەژموونی سێ بەرەی بەتەواوی دژبەیەک و تەنانەت دوژمندا بووە. ساڵانی ١٩٢١_١٩٥٨ عێراق و ئێران پێکەوە بەشێک بوون لە ناوچەی بەرژەوەندی و هەژموونی بەریتانیا و ئەمەریکا و هەربۆیەش ئەو سەردەمە بە سەردەمی زێڕینی هاوکاری و هاوبەرژەوەندی و هاوپایمانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە دائەنرێ. لە دوای نەمانی ڕژێمی پاشایەتی و دروستبوونی کۆماری عیراق لە ساڵی ١٩٥٨عیراق ئەکەوێتە ژێر نەزموونی سۆڤیەت و هەوڵ و پلانەکانی ئەمریکا بۆ شێواندن یان بێهێزکردنی عیراقی ژێر هەژموونی سۆڤیەتی و بە هاوکاریکردنی بزووتنەوەی چەکداری کورد و بە هاوکاری ئێران و ئیسرائیل. لەدوای جەنگی هەشت ساڵەی ١٩٨٠_١٩٨٨ دیسان ئێران ئەبێتە پشت جەبهەی بزوتنەوەی چەکداری کوردستان و پەناگەی حزبە شیعیەکانی عیراق لە دژی دەسەڵاتی بەعس و سەدام. یەکێک لە پرس و ڕووداوە سەرسامەکانی عیراق دەسەڵاتی بەعس بووە لە ساڵانی١٩٦٣_ ١٩٦٨_١٩٧٩_٢٠٠٣ و بە هەموو قۆناغەکانیەوە کە زۆرترین سوودیان لە ئەمەریکا لەلایەک و سۆڤیەت لەلایەکی دیکە و لە دەوڵەتانی عەرەبی لەلایەنی سێهەم کردووە و زۆربەشیان لە دژی ئێران و لە دژی بزاڤی چەکداری کوردستان بە کارهێناوە. لە تەمەنی ٩٩ ساڵەی عیراق و ئێران پرسێکی گرنگمان بۆ دەرئەکەوێ، کە ئەویش ئەوەیە ئەم دوو دەوڵەتە تەنیا کاتێک ئەتوانن دوو دراوسێی دۆست و هاوکار بن کە سەر بە هەژموون و بەرژەوەندی یەک ئۆردوگای جیهانی بن و لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو و تورکیا، وەکو ساڵانی سەردەمی پەیمانی سەعدئابادی ١٩٣٧ و پەیمانی بەغدادی ١٩٥٥. زەمینەو هۆکاری ئەم ئاڵۆزیەش لەم پەیوەندیانەدا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم پرسانە:

١. هەردووکیان دوو وڵاتی گەورەی ناوچەکەن و هێزو کاریگەرییان لەسەر وڵاتانی دیکە هەیە.

٢. هەردووکیان دوو وڵاتی نەوتی پلە یەکی جیهانین، یان لە ڕیزی وڵاتانی پلە یەکی نەوتین.

٣. هەردووکیان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئارامی و ئاسایشی کەنداو هەیە کە کەنداویش دەروازەی دەریایی هەموو وڵاتانی ناوچەکەیە.

٤. هەدوولا دوو وڵاتی ئیسلامی بەهێزن و زۆرترین ژمارەی شیعەی دنیا لەو دوو وڵاتەن و مەرجەعیەتی هەریەکەشیان خۆی بە شایانی سەرکردایەتی شیعەی جیهانی ئەزانێ وئیجتهادی سیاسی ودینیشیان جیاوازە.

٥. هەردووکیان پێکهاتەی نەتەوایەتیان نزیکە لە یەک و کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و مەسیحی و شیعە و سوننەشیان هەیە و دوو وڵاتی موزایکن لە باری نەتەوایەتیەوە، کە ئەمەش وا دەکات هەمیشە کێشەی ناسنامە و نەژادە جیاوازەکانیان هەبێت، لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتی ئاینی و مەزهەبی هەریەکەشیان لە قۆناغە جیاوازەکاندا هەمیشە مایەی کێشە و نائارامی و ئاستەنگ بووە.

٦. هەردووکیان دوو دەوڵەتی ناسراو بە (نەتەوەی دەوڵەتن) واتە هەردووکیان لە پێشدا دەوڵەت بوون (ئێران دەوڵەتێکی کۆنی مێژوویی و عێراق دەوڵەتێکی نوێی دروستکراو) و ئینجا هەوڵیانداوە نەتەوەی بۆ دروستبکەن و لە ڕێگای دەسەڵات و زاڵکردنی نەتەوەی سەردەستەوە (فارس و عەرەب ) و بەهۆی توانەوی نەتەوایەتی نەژاد و نەتەوەکانی دیکە زۆریان هەوڵدا نەتەوە یان گەلی ئێرانی و عێراقی دروست بکەن سەرەڕای زوڵم و زۆری نەتەوایەتی و دیکتاتۆری دەسەڵاتەکان، بەڵام هەتا ئێستاش نەیانتوانیوە گەلێکی هاوئاهەنگ و هاوبەرژەوەندی لەکۆی نەژاد و ئایین و نەتەوەکان دروست بکەن.

٧. دوژمنایەتی نەریتی و مێژوویی نێوان فارس و عەرەب بێگومان هەر لە سنووری ئێران و عیراق دەستی پێکردووە و هەر دەبێت لەو سنوورەش ڕێکەوتن و دانوستان و سازش بکرێت بۆ کۆتاییهێنان بە مێژووی کۆن و نوێی دژایەتی نێوان عەرەب و فارس، دەبێتە دژایەتی مێژوویی و کۆنی نێوان سوننەو شیعەش . هەموو ئەم هۆکارانەی باسمان کردن دەبنە زەمینەی ناخۆشی و ناکۆکی و هەندێک دژایەتی و تەماعی ئەو دوو دەوڵەتە لە یەک و ئەمانەش وادەکەن کە هەرگیز ئەم دوو دراوسێیە بە تەنیا خۆیان نەتوانن هاوکار و هاوبەرژەوەند و دۆست بن، هەر بۆیەش سەردەمی زێڕینی هاوکاری و بەرژەوەندی نێوانیان تەنیا ساڵانی ١٩٢١_١٩٥٨ بووە، ئەویش بە هۆی دەسەڵات و هەژموونی بەریتانیا و ئەمریکا بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام سەردەمەکانی دیکە هەمیشە دراوسێیەتی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بە نائارامی و ئاشووب و جەنگ و تەماع و هەژموونی یەکێکیان لەسەر ئەوی تریان بە ئاکام گەیشتووە و زیان و خەسارەتی ئەم دوو دراوسێی دوژمنە. بێگومان زیاتر لە ملیۆن کوژراو و سەدان ملیۆن و ملیار دۆلار زیانی هەردوو وڵات بووە . ئێستاش عێراق و ئێران بە هەستیارترین ماوەی نێوانیان تێدەپەڕن و ئەمریکا و مەرجەعیەتی شیعەی عێراق و دەوڵەتی ئێستای عێراق لە ئێستادا لە ڕەوشی هێرشدان و هێرشی ساڵانی ٢٠١١_٢٠١٩ ی ئێرانی لەسەر عیراق لە پاشەکشەدایە و ئێستا زۆربەی کارت و (مۆرەکانی ئێرانی) لە لاوازیدان و هەموو حزبە شیعییە نەریتیەکان لاواز و پەراوێزکراون، مەرجەعیەتی شیعە بە عەمەلی لە بەرەی ئەمەریکا و بە ناو شەقامی عێراقدایە و زۆرینەی هێزەکانی حەشدی شەعبی گەڕاونەتەوە لای مەرجەعیەت و دەوڵەت و کەمینەی حەشدی موالی بۆ ئێران تووشی قەیران و لاوازی و تاوانبارکردن کراون و تەنانەت ئەمریکا بە ئاشکرا لێیان دەدات و ڕاویان دەنێ و بە نایاسایی دەیانناسێنێ. دیمەنی ئێستای عیراقی دروستبوونی ڕیزبەندییەکە بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و پێکهاتووە لە مەرجەعیەتی شیعە و هەر سێ سەرۆکایەتی عیراق و کورد و سوننە و شەقامی عەرەبی و بە ئاشکراش دژایەتی لەگەڵ هەژموون و دەسەڵاتی ئێرانی و هاوکار و پاشکۆکانی. ڕۆژان و مانگەکانی ئایندە و وادەی هەڵبژاردنی زوو وەختی ئایندەی عێراق و ڕیزبەندیە سیاسیەکان زۆر شت دەرئەخات و ئاسۆی سەردەمێکی نوێ لە بەرژەوەندی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراقدا مسۆگەر دەکات!